

وێنە: سەدیق بابایی و عەلی قازی

www.peshmergekan.com

وتووێژی تایبەت: پێکهێنانی سدیق بابایی- ئاڵمان

تاقە کوڕی پێشەوالە زیندانی حێزبەکەی بابی ، (قازی محمد)!!؟

سەرەتا ؛

خوێنەری بەڕێز، وەک ئاگادارن پێک هاتنی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد(1358/9/4) و حەولی چارە سەری مەسەلە مێژووییەکەی وێرای پێوەندی و دانووسان لە گەڵ بەر پرسانی کۆماری ئێسلامی لە خۆمەینی ەوە بگرە تا دەوڵەتی کاتی و بەشێکی تر لە مۆرەکانیان هیچ دەر ئەنجامێکی ئەرێنی لێ نەکەوتەوە.

دوا حەولەکانی دوکتۆر قاسملو بۆ ڕێگە بەستن لە شەڕێک کە ویست و ئارەزووی میلەتی ئێمەو قازانجی کوردی تێدا نە دەدیترا وەک باقی حەولەکان بێ ئاکام مایەوە . (*)

سەر لە نوێ هەڵوەشاوە راگەیێندرانی حێزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و دەر کردنی فەرمانە خوێناویەکەی ئایەتوڵا خۆمەینی( 27و28 ی گەلاوێژی 1358) (* *) بە بیانووی داتاشراوی "سەقام گیر کردنی دەسەڵاتی ناوەندی و کۆتا کردنی دەستی ئەشراری سەر بە بێگانە و ڕێگە گرتن لە دابەش بوونی وڵات "! ، ئەو پەڕی توندو تیژی و زەبرو زەنگ لە پەنای پروپاگەندەی هاوشان بە دژی کورد خرایە ڕیزی پێشەوەی بەرنامەکانی کۆماری ئێسلامی .

فەرمان یا فەتوای گەلاوێژ کوردستانی دیسان بەرەو قۆناغێکی ئاڵۆزو خوێناویتر ڕەکێش کرد . زۆرکەس لە لاوانی ئەویندارى ئازادی و هەڵوەدای مافی نەتەوەیی بە گوێرەی هەلو مەرجی بە

سەر دا سەپاو واتە بەر بەست کرانی دەرەتانی خەباتی هێمنانە خۆیان لە ڕیزی خەباتی ئاشکرای حێزبە سیاسیەکان دیتەوە.

لەو کات و ساتە دا بەرەی پەلاماردەری کوردستان کە وێ دەچوو سەرکوت و نەهێشتنی یەکجاری کورد و داخوازەکانی نیشانە گرتبێ خوازیار و نەخوازیارانی شەڕی لە کوردستان ئاوقەدی پەلاماری چەکدارانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئێسلامی کرد .

نە لەبەیک وتنی دۆکتۆر قاسملو بە ڕیبەری کۆماری ئێسلامی لە کۆبوونەوەی بەرینی مەهاباد ****، نە دەنگدانی زۆربەی خەڵکی کوردستان [ لە پاوە تا ماکۆ] بە نوێنەرانی خۆ پاڵاوتووی حێزبی دێمۆکرات بۆ مەجلس لە تاران و نە دانیشتن و داواکاریە پەیتا پەیتا کان کاریگەری بۆ کز کردنی ئیرادەی ئەو بەشە لە دەسەلات کە خوازیاری سەقامگرتنی زۆرە ملی لە کوردستان بە هەر قیمەتێک بوون سودی نەدا.

ئاکامی پەلاماری دوژمنانە و توندو تیژو لەشکر کێشی کۆماری ئێسلامی بۆ سەر کوردستان وێرای کوشتاری بەرینی خەڵک ، زیانی گیانی و ماڵی ، پاشە کشەی ناوەندی هێزو و ڕێکخراوە کوردی و ناکوردیە جێگیر بوە کان لە کوردستان لەو قۆناغە دا بۆ سەر سنووری دەس کرد ، (ئێران و عێراق ) بوو.

پاش وەخۆ کەوتن و ڕێکخستنی دووبارەی سەرەتایی هێز و ئۆرگانە سیاسیەکان هەر کامە لە ئاستی خۆیان ملیان وەبەر ململانێ و بەرگری نیشتمانی تا ئاستێک ڕیکخراوتر بەرانبەر نەیاری دڕ کرد .

حێزب ، سازمان ، شێخ ، مەلا و تەنانەت کەسایەتی و سەرۆک عەشیرەت هەر یەک لە چووار چێوەی پڕۆگرام و بیرو بۆچوونی سیاسی ، ئایینی ، بنەماڵەیی، عەشیرەیی و مەسلەحەتی و.تا د .. بۆ بەرەو پێش بردنی بەرنامە و تاقی کردنەوەی شانسی خۆیان هاتنە نێو ئەم گۆڕە پانە بەرین و ململانێ بێ بڕانەوەیە.

لە پەنای خەبات و بەر بەرەکانێ دژی نەیاری هاوبەش ( کۆماری ئێسلامی) هەر لاینێک حەولی جێگیر کردنی سەروەری خۆی وەک نوێنەر یا حێزبی کار ئامە و شەرعی، تاک یا گرووپی خاوەن ماف و سەربەخۆ لە گۆڕەپانی خەبات ئەسپی خۆی لانی کەم لە هەرناوچەیێک توانای کۆ کردنەوەی چەند کەسێکی هەبوو لنگ دەدا .

حێزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران یەک لەو لاینە سەرکیانە بوو کە هەم بە پشت بەستن بە ڕابردووی خۆی وەک دامەزرێنەری یەکەم کۆماری کوردستان ، هەم درێژە دەری خەبات بەرانبەر دەسەڵاتی شا ماوەیەک پاش شکانی کۆمار و بە گشتی پێداگری لە سەر ئەو بابەتە کە ( ڕێکخەر و ڕێبەری جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران‌ە ) و بە پاڵپشتی جەماوەری کورد هەروەک بەدەست هێنانی دەنگی ئەرێنی زۆربەی نوێنەران بۆ مەجلێسی ئێران لە تاران کە خاوەنداره‌تی جەماوەرێکی فراوانی ئەندام و پێشمەرگەی لە نێو ڕیزەکانیدا دەکرد ، بە ئەرکی خۆی دەزانی بڕیاردەری سەرەکی گۆڕەپانی خەبات وچاوە دێری چۆنیەتی هەڵسو کەوتی ئەو بەشە لە عەشیرەت، گرووپ و تاقمو تاکە کەسانە بێت کە دواتر لێرەو لەوێ سەریان هەڵدابوو .***

سەرەڕای ئەوە ئەم چاوەڕوانیە لە کردەوە دا کڕیاری نەبوو . هەر لاینێکی سەر بە عەشیرە ت ، شێخ ، مەلا و تاکێک بە پێ ئارەزووی خۆ بە کوردو خەباتکار زانین ، بگرە قازانجی تایبەتی هەنگاوی سەربەخۆ و تاکڕەوانەیان هەڵ دەگرت.

شیاوە لەم پێشەکیەدا ئەوە بوتری هاسان نیە نووسەر بتوانێ بنکۆڵی هەموو راستی و ناڕاستیەکانی هەڵوێستی چ لاینێک لێرەدا بکات ، بەڵکوو ئامانج راکێشانی زەینی خوێنەر بۆ لای ئەزموونەکانمان لە ڕابردووو کەڵک وەر گرتنی جێلی نوێ لە گرێدانی هاوپێوەندی ئەو بابەتەیە کە پاشتر دەکەوێتە بەر دەستی خۆێنەر و وەک سەرچاوەی ئەم باسە لێرە را دەست پێدەکات. دیارە خوێنەر سەرپشکە هەڵێنجانی خۆی لەو بەسەرهاتە مێژووییە هەبێ .

لە لایێکیتر هەنگاوی کۆتایی بەخشین بە دەورانی عەشیرەت سەروەری و دوایی هێنان بە عۆمری ئەو قۆناغە کە ژیان و بەسەرهاتی خەڵکی گرێدراوی ویست و قازانجی بەرتەسکی سەرۆک عەشیرەت یا بیری دەرەبەگایەتی دەهێشتەوە لە ڕوانگەی بەشێکی بەرچاوی جەماوەری ئەوکات هەنگاوێکی بە جێ و ئەرێنی لە کوردستان وەسف دەکرا ، لە هەمان کاتدا تووش بوونی هەڵە لە شیوازی دابەزاندنی ئەو سیاسەتە کەمو زۆر دەکەوتە بەرباس..

نووسەری ئەم بابەتە وەک پێشمەرگەیەکی ئەوکاتی حێزبی دێمۆکرات لە درێژەی ئەرکی پێ سپێردراو و تێکۆشانی ڕۆژانە چەند جار لە هاتووچۆو تێپەڕین بە ناوچەی سەردەشت دا بەرەو سنوور و پێچەوانەکەی ( قووڵاوی خاکی کوردستان) لە پەنای گوندی (دۆڵە توو) شاهێدی هەبوونی زیندانێک بە نێوی زیندانی "دۆلە توو" بووم .

لەم گرتووخانەیەدا لە پاسداری پایەبەرزی کۆماری ئیسلامی بە دیل گیراوی شەڕ را بگرە تا چەکداری فریو خواردوو یان بێ باوەر بە کەرامەتی نەتەوەیی ناسراو بە جاش و ڕەنگە تاوانباری ناسیاسی تا کوڕی پێشەوای یەکەم ڕێبەری حێزبی دێمۆکرات زیندانی کرابوون .

جیا لە ( کاک عەلی قازی ) زیندانی کرانی ئەوانیتر ئاسایی دەهاتە بەر چاو . بەڵام زیندانی کرانی کوڕی پێشەوا بە تایبەت بۆ کەسێک لە خوارووی وڵاتەوە تێکەڵی شۆڕش ببوو زانیاری تێرو تەسەلی لە بابەت ڕابردوو و جۆری هەسوکەوتی نێوبراو لە بەردەست دا نەبوو، وروژێنەری پرسیارگەلێک بوو . هەر چەند تین و گوڕی شۆڕشگێرانەی سەردەمی لاوەتی و ئەوینی پڕ لە بێ ئۆقرەیی بۆ هەرچی بە پەلە پێوانی هەورازو لێژی سەرڕێگا بەرەو ئامانج دەرەتانی وردتر پشکنینی قووڵایی هەموو مەسەلە یێکی ئەوتۆی لەو دەورانە دا نەدەدا، بەڵام دیسان حەزێکی تایبەت بۆ بیستنی ڕوانگە ی ڕاستەو خۆی کوڕی یەکەم سەرکۆماری کوردستان لە زمانی خۆیەوە جێگیر ببوو. تێپەڕینی زەمان هەم ڕووداویتری خستە سەر لاپەڕەی ژیانی کوڕی ڕەش و هەم گەشەی زیاتری ئەزموونی نووسەر بۆ بە دواداچوونێکی زیاتری ژیانی تاقە کوڕی پێشەوای خۆشەویستی کۆردان خستە ڕۆژەو.

هەنووکە ساڵانێکی زۆر بە سەر تەمەتی زیندانی "دۆڵە توو" تێپەڕیوە . دواتر کوڕی ڕەش ئازاد و زیندانی دۆلە توو لە لایەن حێزبی بەعسی عێراق بۆمباران کرا . ئەوجار کاک عەلی بە دوورو درێژی تووشی زیندانی بەعس هات . زیندانی دۆڵەتوو بۆ خۆی سەرووبەندێک بوو بە سەردێڕی هەواڵ و دەنگو باسی هەواڵدەری دەرو ژووری وڵات بە تایبەت تاران .

زەمان تێ پەڕی و بەسەرهات وەها تووشی سووڕان بوو کە نووسەری ئەم بابەتە لە دەر بە دەریدا بوو بە هاو وڵاتی کاک عەلی لە دوور خراوەیی . جار جارە لە ڕێو ڕەسمەکان دا تووشی یەک دەبووین بەڵام نە دەکرا لەو کورتە دا مەسەلەی گورین بخرێتە سەرپشت.

ژیان لە هەندەران ، بیستن و تەجروبەکردنی زۆر ڕووداویتر ، هەروەها گوێبیس بوونی جاروباری خەبەری پێوەندیدار بە بنەماڵەی قازی و بەتایبەت کاک عەلی بیری ڕابردوو و پشت گوێ نەخراو وێرای چەند پرسێکیتری هێنایەوە ڕۆژەڤ . هەر چەند تەمەنی کاک عەلی بۆ زیاتر لە 78 ساڵ هەڵکشاوە ، دیسان سەر حاڵ و ئامادە بۆ وەڵام دانەوە بە پرسیاری کۆنەو نوێیە . پێشەکی وێرای هیوای لەش ساقی پڕ بە دڵ سپاسی بە گەرم وەرگیران لە لایەن بەڕیزیانەوە دەکەم . ئەوە لەم لاپەڕانە دا نووسراوە ئاکامی بە دوادا چوونی ئەو پرس و وەڵامانەیە کە هەر کەس ڕەنگە بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی خۆی لێ ورد بێتەوە.

وێنەی ژمارە 1 کوڕی ڕەش ؛




**؛ بەڕێز عەلی قازی تاقە کوڕی پێشەوا قازی محمد لە ئاخاوتنێکی تایبەتدا پەردە لە سەر هێندێ مەسەلەی باس نەکراو لا دەدا:**

عەلی قازی تەمەن 78ساڵان لە پەنا شاری بۆن – ئاڵمان ژیان بە سەر دەبات . نێو براوبە پێ ئاخاوتنی زارەکی پێ وایە دەست و پێوەندیەکانی شا (محمد رەزا پەهلەوی) لە بۆنەیەکدا بە

ناوی مێوان و دۆستایەتی  لە لایەن دوو کەس بە ناوەکانی ، (سماعیل ڕائین [ ڕاعین] و کەریم ڕەوشەنیان) ساڵەکانی پاش تێکچوونی دەسەڵاتی مصدق بۆ ئەسفەهان بانگهێشت و لەو بۆنە دا (مێواندارى) ، دەرمانداویان کردوە .

پاش ئەم سەفەرە هێز و توانای مێشکی ڕووی لە کزی ناوە و وەک جاران کە خوێندەوارێکی سەرکەوتوو و چەست وچالاک لە بەر کارگەری تایبەت وئەگەری دەور گێرانی ئە و ژارە لە سەر مێشکی بۆ وێنە گەلێک مەسەلەی سیاسی ئەو کات  و تێکۆشانی پێوەندیدار گرینگی تایبەتیان (لای ئەو) بە پێچەوانەی پێش سەفەرەکە  بە تێپەڕ کردنی کات لە دەست داوە.

تاقە کوڕی پێشەوا ئاماژە بە دەوری چەواشە کارانە و دوژمنکاری حێزبی تودەی ئێران پاش تێکشکانی کۆماری کوردستان ، پەرۆشی خەلک و تەنانەت دوژمنایەتی تاقمێک لە مەهاباد و دەوروبەر بە دژی پێشەوا دەخاتە بەر باس. کاک عەلی تەنانەت ئەو ڕاستیە فێرکارانەیە بۆ نەسڵی ئێستا ئاشکرا دەکات کەکفنی ، پێشەوا قازی محمد بە قەرز کرِدرا و حاجیەکی پارچە فرۆشی  مەهابادی ئەو کفنەی بە قەرز بە ئەوان فرۆشتوە .

دیداری محمد ڕەزا پەهلەوی لە گەڵ  کاک عەلی قازی ساڵی 1958لە سەر داوای شاه لە فەرانسە - پاریس .

داواکاری سەرۆک مەلا مستافای بارزانی لە عەلی قازی بۆ  ڕاگەیاندنی گازەندە و نارەزایەتی وی بەرانبەر پاڵپشتی تاران  لە نەیارانی لە کۆمیتەی ناوەندی [بەڕێز جەلال تاڵەبانی و ڕەحمەتی برایم ئەحمەد] بە نوێنەرانی شا .

ڕەخساندنی هەلی وتوو وێژ لە نێوان نوێنەرانی شا و حێزبی دێمۆکرات.

نێو بژیوانی لە نێوان دەوڵەتی ئاڵمان و پارتی کرێکارانی کوردستان ، سەفەر بۆ دەمشق و دیداری بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلان بە جاران .

نێو بژیوانی نێوان پ کا کا و پارتی دێمۆکراتی کوردستان- عێراق .

حەولی چارەسەری مەسەلەی پەنابەری عەبدولا ئۆجەلان و گوێنەدانی ڕێبەری پێ کا کا بە پێشنیارچارە سەری عەلی قازی لە ئیتالیا ، پشت گوێ خرانی داواکاری کوڕی پێشەوا  بۆ جاری دووهەم لە ڕووسیە کە هۆکاری ڕادەست کرانی نێو براو بۆ ئێمرالی لێ کەوتەوە.

لەم وتووێژە تایبەتەدا گەلێک تەوەری تر بە مەبەستی وروژاندن و ڕوون بوونەوەی زۆربابەتی پێوەندیدار بۆ زانیاری تامەزرۆیان  بە تایبەت  نەسڵی نوێ  دەخرێتە پێش چاوی وردبینی خوێنەر.

## پرسیارەکان:

پێشەوا دامەزرێنەری ڕێچکەیەکی مۆدێرن ، مێژوویی و هە رگیز کۆن نەبوو بۆ چارەسەری کێشەی سیاسی کورد دەژمێردرێ.

کاک عەلی قازی : ئەم سەرفەرازیە پێشەکی بۆ بنەماڵەی قازی تۆمار کرا . ئێمڕۆ لە 66ساڵەی تێپەڕینی ئەم مێژوە داین، مەخابن نە ئێوە وەک تاقە کوڕی پێشەوا نە سەرجەم تاکەکانی تری بنەماڵەکەتان و نە حێزبی پێشەواهیچ لایێک نەیانتوانیوە پاش ئەوماوە دوورو درێژە جووڵانەوەی کورد بە ڕێبەری ئەوکاتی پێشەوا بە ئەنجامی دڵخواز بگەیێنن.!

هەڵە و کەمتەرخەمی ئێوە یا بنەماڵەکەتان بۆ بەدەستەوە گرتنی ڕێڕەوی پێشەوای باوک هەروەتر کەندو کۆسپەکانی ئەم بوارە لەو پێوەندیەدا چۆنچۆنی دەس نیشان دەکەن؟

وەڵام :

بە بیرو باوەڕی من باری ڕزگاری کوردستان بارێکی گرانە. زۆرکەس وەک پێشەوا قازی محمد وسەر کردەکانی دی ئەو بارەیان هەڵگرتوە تا بیگەیێننە لووتکەی ئازادی.

دیارە شەرت نیە من چونکە کوڕی پێشەوا قازی محمد- م شانی خۆم بنێمە ژێر ئەو بارە بەرەو لووتکەی ئازادی بیبەم . لە درێژەی پرسیارەکانیتردا ئاماژە بە کەندو کۆسپەکانی سەر ڕێ خۆم لەو پێناوەدا دەکەم.

پرسیار ؛

پاش شکانی کۆمار تا ڕۆژانی کۆتایی دەسەلاتی پاشایەتی لە ئێران کار و ژیانی ئێوە( بنەماڵەکەتان ) لە باری سیاسیەوە بە تایبەت هەڵسوکەوتی دەسەلات چۆن بوو؟

وەڵام ؛ پێشەکی پێم خۆشە ئیشارە بە مەسەلەیەکی گرینگ بکەم کە پاش شەهید کرانی بابم بۆم پێش هات.

ساڵی 54 ـ 1953 لە لاین (سماعیل رائین و کەریم ڕەوشەنیان ) [ڕۆژنامەوانی ڕۆژنامەی نهران مصور ] بە ناوی وتووێژ و دۆستایەتی بۆ ئەسفەهان مێوانداری کرام پاش ئەم سەفەرە بەرە بەرە واهەستم کرد لەشم بە تایبەت مێشکم تووشی جۆرە کاریگەرییکی زیانبار هاتوە بە چەشنێک وەک دواتر تێگەیشتم مەیل ، شەوق ، حەز و چەستو چالاکی جارانم سەبارەت بە کاروباری ژیانی ڕۆژانەم بەرەو کزی تەواو ڕووی نابوو . ئیتر من ئەو تاکە هەڵسووڕەی جاران لە پێناو خەبات و تێکۆشانی بێ وچان نەمابووم . دواتر بە ئەو ئاکامە گەیشتم تووش بوونی وەزعیەتێکی وەها لە قوتابیەکی نەسرەوتوو تا گۆران بە تاکێکی هەر نەبێ بۆ ماوەیەکی بەرچاو کەم هێز و بێمەیل ڕەنگە بە هۆ یان ئەگەری جۆرە دەرمانداوکردنێکەوە کە خۆم زۆرتر گۆمانم بۆ ئەو سەفەرە دەچی بووبێ . ڕەنگە یەک لە کارتێکەریەکانی ئەو دەرمانداوکرانە تەنانەت نەهێشتنی هۆش و تێفکرینی سەردان و خۆنیشان دان بە دۆکتۆر و چارەسەری بە وەخت بووبێ.

ئەو ڕۆژەی کە پێشەوا قازی محمد ، براکەی ئەبولقاسم سەدری قازی ناسراو بە سەدرولئیسلام و محمد حسێن خان سەیفی قازی کە ئامۆزای پێشەوا قازی محمد بوو لە سێدارە دران بەرە بەری بەیانی بوو کە خەڵکێکی زۆر بە لە خۆدان و گریان ڕژانەماڵی ئێمە . ئێمە هێشتار لە خەودا بووین ، کە ئەو خەڵکەمان دیت زانیمان چ قەوماوەو ئێمەش چووینە نێو خەڵکەکە و بەرەو چووار

چرا وەڕێ کەوتین ئەو ڕۆژە تەواوی دووکان و بازاری شاری مەهاباد داخرا . خەڵک لەماتەمێکی زۆر قووڵدا دەهاتن و دەچوون .

حکومەتی ئێران بە نیاز بوو چەند ڕۆژێک تەرمی شەهیدەکان هەروا بە هەڵاوەسراوی بهێڵێتەوە ، بەلام کاتێک چاویان بە جموو جۆشی خەڵک کەوت و خەلک داوای جەنازەکانیان کرد دەڵەت مەجبوورما جەنازەکان لێ بکاتەوە بیانداتە دەستی خەلکی . هەر ئەو ڕۆژە ئێمە جەنازەکانمان بردە مزگەوتی بازار . فەوری جەنازەکان شۆردران و بە بەشداری بەرینی خەلکی بردیانن بۆ قەبرستانی مەهاباد و لەوێ ناشتیانن.

لێرە شتێکی زۆر گرینگ هەیە کە من دەمەوێ بە میلەتی کوردی رابگەیێنم ، ئەوەش بریتیبوو لەوەی ، بە سەر ئەوەش را کە ئێمە ساحەب موڵک و دەوڵەمەند بووین و زەمانی کۆمار بە تەلیس پووڵ دەهاتە ماڵی ئێمە کفنی قازی ، پێشەوا قازی محمد بە قەرز کڕدرا و حاجیەکی پارچە فرۆشی مەهابادی کە پێم وایە لە بنە ماڵەی **(وەتەمیشی)** بوو ئەو کفنەی بە قەرز بە ئێمە فرۆشت .

دوای کارە ساتی لە سێدارەدرانی پێشەوا بڕیاری دەست بە سەرداگرتنی ملک و ماڵ و زەوێوزارێک ئێمە هەمان بوو لە لایەن حکومەتەوە دەرچوو.

بە مەبەستی وەرگرتنەوەی ملک و زەویوزارەکانمان لە گەڵ دایکم جارێکیان چووینە ورمێ لە ماڵی محمد( ئاغای وسووق) بابی دۆکتۆر قاسملو دابەزین . دە ڕۆژ لە ماڵیان بووین خزمەتی زۆرو بە گەرمی حورمەتیان گرتین . جەنابی وسووق چوار کوڕی هەبوون. ئەحمەد ئاغا زڕبرای دۆکتۆر قاسملولە فەرانسە دەی خوێند. موهەندس حسین قاسملو ، عەلی قاسملو کە دواتر بوو بە دۆکتۆر . پێم وایە دۆکتۆر قاسملو چکۆڵەترینیان بوو. دواتر پێکەوە لە تاران لە مەدرەسەی شەوانە ڕۆژی ئەلبۆرز دەمان خوێند .

ئەو شەوەی کە پێشەوا قازی محمد ، برا و ئامۆزاکەی لە سێدارە دران هەموو شاخەکانی دەورو بەری مەهاباد پڕ بوون لە سەرباز و ئەرتەش و تەنانەت سەربانەکانی نزیک چوار چرا سەربازی لێ داندرا بوو .

ماڵی یەکێک لە خزمەکانی ئێمە بە نێوی (قازی کەریم) نزیکی مەیدانی چوار چرا بوو . کوڕە گەورەکەی قازی کەریم بە نێوی (ڕەحمانی قازی ) کە خەتات و نووسەر و شاعێر بوو کوتی :" ئەو شەوە نووستبووم کاتێک بە دەنگێکی زۆر بڵند لە خەو را پەڕیم پەنجەرەم کردەوە کە باشتر گوێم لێ بێ و بچمە سەر هەیوانەکە . پێم لە پەنجەرەکە وەدەرنا دیتم سەربازێکی ئێرانی تفەنگەکەی لە سەر ملم دانا و کوتی بگەڕێوە . منیش گەڕامەوە و پەنجەرەکەم بە ئاوەڵەیی بە جێ هێشت وەختێک باش گوێم دایە دەنگەکە دەنگی حەمەحسێن خان سەیفی قازی بوو .( ئەو کاتی کۆمار وەزیری بەرگری بوو )، محمد حسێن خان وەک شێر دەی نەڕاند "بژی پێشەوا قازی محمد ، بژی کورد و کوردستان "و ئەوانە ئاخرین قسەکانی حەمە حسێن خان پێش لە سێدارەدانی بوون .

دیارە یەک دوو ئەفسەری ئێرانی کە کاتی سێدارەدرانی پێشەوا لەوێ ئامادە ببوون باسی ئازایەتی پێشەوا قازی محمد و هاوڕێکان یان کردبوو . پێشەوا قازی محمد کوتبووی " ئەنگۆ بە کوشتنی محمدێک ناتوانن ڕێگای ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد پێش پێ بگرن. لە باتی ئەو

محمەدە هەزاران محمەدی دی دروست دەبێ و ئێدامەی ڕێگای ئازادی خوازی کورد دەدەن" . قازی محمد بە دەم وتنەوەی بژی کورد و کوردستان لە سێدارە دەدرێ.

لە جوابی ئەو پرسیارەی جەنابتدا ، من وەختێکی منداڵ بووم و بە کۆڵانەکانی مەهاباد دا هاتوو چۆم دەکرد هەموو خەڵک دۆعای بۆ دەکردم ماچیان دەکردم . لە باوەشی خۆیان دەگرتم . بە راستی خەڵکی قارەمانی مەهاباد ڕێز و حورمەتی بنەماڵەی ئێمەیان لە بەر چاو بوو . نیشان دانی ئەو خۆشەویستیەی خەڵکی مەهاباد ئەوە بوو ئەو گەنجانە لە مەدرەسە دەیان خوێند کاتێک بەفر دەباری بە بێ ئەوە کەسێک داوایان لێ بکا دەهاتن و سەر بانەکانی مالی ئێمەیان دەماشت. .ئەو گەنجانە هەموویان لە پاشان هاتنە ڕیزی خەبات . من نێوی چەند کەسێکیانم لە بیرە ئەوانە بریتی بوون لە عەبدوڵا ئێسحاقی ناسراو بە ئەحمەد تەوفیق، مستەفا ئێسحاقی ، خەلیل سدێقی، عوسمان یۆسفی، ئەسەدی کاک ئاغازادە ، عەزیز یۆسفی ،داریوش سۆڵتانیان ، سەید عەبیدولا ئەیوبیان، و دەیان کەسیتر .



وێنەی بەشێک لە گەنجانی خەباتکاری مەهاباد لە سەر گۆڕی پێشەوا .

لێره دا پێویسته بڵێم ، تاقمێک کورد سەر بە دەوڵەتی ئێران بە دەستووری دەسەلاتداران نامەیان بۆ مەسئولینی حکومەتی ئێران نووسی بۆ داوای لە سێداره دانی پێشەوا و هاورێیەکانی . نێوی ئەو خائینانە لە سەر زمانی هەمووان حەتا مندالانی کورد بوو کە تف و لەعنەتیان لێ دەکردن.

**پرسیار :**

**کاک عەلی پاش تێکچوونی کۆمار ساڵی 26 تا سەرەتای 1330 و 31تێکۆشانێکی ئەوتۆ نەبوو . وەزعی سیاسی کوردستان لەم مەودایەدا چۆن هەڵ دەسەنگێنن ؟ بۆ خۆتان خەریکی چ بوون ؟**

**وەلام ؛**

پاش شەهید کرانی پێشەوا حێزبی دێمۆکرات دامەزرایەوە . وەک لە بیرم مابێت میرزا رەحیم سۆڵتانیان ، غەنی بلوریان ، سەید عەبدولا ئێسحاقی ، عوسمان یوسفی عەزیز یوسفی ، جەلیل گادانی لەو کەسانە بوون درێژەیان بە تێکۆشانی حێزبی دا .دیاره ماڵی ئێمە لە ژێر چاوەدێری تۆند دا بوو . تەنانەت دۆستانی مەدرەسەیی منیان لە رێگەی کەسوکاریان دەخستە ژێر گوشاری ئەوتۆ کە بۆ لە گەڵ کورِی قازی هاتوچۆیان هەیە؟

لە بەر ئەوە دایکم منی بۆ تاران گواستەوە تا لەوێ درێژە بە خوێندن بدەم. بەلام دۆستانی من لە نەبوونم دا پێوەندی خۆیان دەپاراست .بگره بۆ نیشان دانی دڵسۆزی خۆیان ئاگاداری کۆترەکانم دەبوون و وێنەی ئەوانیان لە گەڵ زۆر بابەتی تر بە نووسین بۆ دەناردم . میرزا رەحیم (سۆڵتانیان ) زۆر جار بە شەوانە هاتوو چۆی دەکردین . هەر چەند ئەندامانی حێزب بە نهێنی تێدەکۆشان بەلام ئەگەر باش لەبیرم تۆمار کرابێ میرزا رەحیم سۆڵتانیان بەر پرسی حێزب بوو.

سەرەتا من لە گەڵ حێزبی توده کارم دەکرد . پاشان کە ماهیەتی دژبەرانەی ئەوانم بۆ دەرکەوت لێیان کشامەوە .لەو ماوەدا یەک لە ئەرکەکانی من فرۆشتنی رۆژنامەی لاوانی دێمۆکرات بوو کە زۆر تێدا سەرکەوتوو بووم.

جارێک کەسێکی خەڵکی (قارنجە) ، [ گوندێکی ناوچەی مەهاباد] کاتی فرۆشتنی رۆژنامە منی چاو پێ کەوتبوو . لە گەرانەوەدا گێرابوویەوە " خانم(دایکم) ، پاره بە کورِی پێشەوا نادا ، رۆژنامە دەفرۆشێ!" . کەسێک بە ناوی (شرمینی) لە حێزبی توده بەر پرسی حەوزه (شانە) من بوو .

بە داخەوە پاش ئەوەی کۆمار نەما حیزبی توده کە ئەوکات سەرکردایەتی حێزبی دێمۆکراتی کوردستانی لە دەست گرتبوولەباتی ئەوەی پشتیوانی لە من بکەن هەر لە رۆژی ئەوەڵەوە ویستیان لە نێوی ئێمە کەڵک وەر گرن. بۆ بەرەو پێش بردنی قازانجی حێزبی خۆیان . بۆوێنە کاتێک لە ساڵی 1952دا یەکیەتی گەنجانی دێمۆکراتی دۆنیا لە سۆفیا کۆ بوونەوە ، قەول وابوو ئەمنیش وەکوو ئەندامێکی دلێگا سیۆنی کورد لەو فستیواڵە دا بەشداری بکەم . بەلام ئەوان هاتن بە منیان کوت دایکت ئامادە نیە پارەی خەرجی سەفەرەکەی تۆ بدا. بە منیشیان کوت کە دایکت نایهەوێ ئەو خەرجەی کە پێویستە بۆ تۆی بکات .

من بە شەخسی خۆم زۆر زوو کاکڵی حیزبی تودەم ناسی ، هەر بۆیێ لەو تەمەنە 16 و 17 ساڵیدا خۆم لە حیزبی تودە دوور خستەوە . بەڵام ئەوان بە هەموو قەوەتی خۆیان تێدەکۆشان من بەد نێو بکەن .

لە سەر ئەوەش را کاتێک (مصدق) بە کودیتا لە حوکم لا برا ئەو کەسانەی کە ئەو دەم لە حیزبی تودە بە نێوی حیزبی دیموکراتی کوردستان خەباتیان دەکرد هاتنە لای من و پێمیان وتم : چەند رەئیس عەشیرەتی کورد کۆ بکەمەوە بە مەبەستی ساز کردنی شۆڕشێک دژی حکومەتی ئێران. وەعدەیان دا چەک و تەقەمەنی بگەیێننە دەست ئێمە و داوایان لێکردم لە گەڵ ئەوان و هاوڕێکانی خۆم هێرش بکەینە سەر فەرماندەی لەشکری ئێران لە مەهاباد .

پاش ئەوەی کە ئێمە سێ چوار شەو لە کەلاوەکانی ماڵی قازی فەتاح چاوەڕوانیمان کرد دیار بوو ئەو وەعدەیە درۆیێک بوو لە لایەن حیزبی تودەوە بە ئێمە درابوو.

ئەگەر بێتوو باسی پێوەندیەکانی خۆم لە گەڵ حیزبی تودە بگێڕمەوە ئەوە چەندین کتێبی پێویستە .

پرسیار :

کاک عەلی ، لە تێکۆشانی نوێ بە ناوی حیزبی دیمۆکرات دەوری بنەماڵەی ئێوە چی بوو؟

وەڵام ؛

دوابە دوای کودتا دژ بە سەرۆک وەزیرانی ئێران محمد مصدق حیزبی دیمۆکرات بەرە بەرە تێکۆشانی خۆی زیاتر کرد.

بۆ نمونە وەکو شەهید دۆکتۆر قاسملو لە کتێبەکەی خۆیدا نووسیویەتەوە ئەو ماوەیێکی زۆر لە مالی ئێمە خۆی شاردبووەوە و خەباتی سیاسی درێژەپێدەدا.



[وێنەی شەهید دۆکتۆر قاسملو  و کاک عەلی قازی]

پاش ئەوە دۆکتۆر قاسملو ڕۆیشت کەسێک لە جێ ئەو بە نێوی( عەبدولا بارزانی) خەڵکی باشووری کوردستان  کە بۆ خۆی بارزانی نەبو و ئەو نێوەی بۆ خۆی  لە سەر خۆی دا نابوو  وەک کادری حێزب بە ئێمە ناسێندرا و لە مالی ئێمەڕا  کاروباری حێزبی ڕادەپەڕاند .

کاتێک دایکم قەراری دابوو  ڕۆژێک فەرشەکانی ناو ماڵ ببانە سەر چۆمی سابڵاغ و بیانشۆن ئەو عەبدوڵا بارزانیە بە دایکم و ئەوانیتر دەڵێ من چیتر نامەوێ خەباتی سیاسی بکەم ، دەگەڕێمەوە عێراق و لەوێ ملک و ماڵی خۆم دەفرۆشم و دێمەوە لە تاران ژیانێکی نوێ دەس پێدەکەم.

یەک دوو ڕۆژ پێش ئەوەی ئامادەکاری بۆ شووشتنی فەرشەکان فەراهەم ببێ عەبدوڵا بارزانی ماڵ ئاوایی لە دایکم و باقی ناسیاران کردبوو بەڵام لە ماڵی ئێمەدا کە خانوێکی زۆر گەورەبوو و ئەو هەموو کون و قوژبنێکی پێدەزانی خۆی شاردبووەوە . پێویستە بڵێم  لە ماڵی ئێمە خواردنی چەند ڕۆژێک بۆ سەفەری نێوبراو حازر کرابوو .

بە داخەوە هەر ئەو ڕۆژە  دایکم و یارمەتیدەرەکانی چووبوونە قەراغ چۆم  ( عەبدولا بارزانی) چووبوە ئەو جێگایەی کە دایکم پارە و زێری خۆی تێدا شاردبووەوە ، هەموو زێڕ و پارەکەی دایکمی دزیبوو . هەر پارەکە 28000تمەن بووکە 28هەزارتمەن بە پارەی ئەو ڕۆ پارەیەکی یەکجار زۆربوو.

ئەوکاتە من لە تاران بووم . ڕۆژنامەکانی ئێران زۆر بە دوورو درێژی باسی ئەوەیان کردبوو کە گەنجینەی قازی محمد دزراوە . ئەڵبەتە ئێمە لە خەونی خۆشماندا خەیاڵی ئەوەمان نەدەکرد کە عەبدوڵا بارزانی دزی ئێمەبێ ، بەلام پاشان بیستمەوە کە عەبدوڵا بارزانی هاتوە تاران و هەر ڕۆژە جلوبەرگی نوی دەکرێ و دەگەڵ هێندێ لە برادەرانی حێزبی تودە یان بڵێن دێمۆکرات دەچوونە مەیخانەکانی دەربەند و سەربەند لە تاران و پارەی سەغیرەکانی پێشەوا قازی محمدیان دەدا بە خواردنەوەی مەشروبات.

کاتێکی  ئەوەم بیستەوە ، تلفۆنم بۆ دایکم کرد و پێم کوت  شکم لەوەیە  عەبدولا بارزانی دزی ئێمەبێ. دایکیشم بە منی کوت " ڕۆڵە ئەمنیش ئەو فکرەم بۆ هاتوتە پێش" . پاشان دایکم هاتە تاران و دەگەڵ بەرپرسانی حێزبی تودە باسی کرد و داوای گێرانەوەی پارە و زێڕەکانی کرد . بە داخەوە لە باتی ئەوەی عەبدولا بارزانی سەرزەنش و تەمبێ بکری ئەویان شاردەوە و نەیان هێشت ئێمە لە ڕووی قانوونەوە ئەوکەسە بە سزای خۆی بگەیێنین .

پرسیار؛

کاک عەلی لە پرسیاررەکانی پێشوودا ئاماژەتان کرد کاتی ناشتنی تەرمی پێشەوا  کفنەکەتان بە هۆی دەستەنگی لە  کەسێکی  بنەماڵەی وەتەمیشی بە قەرز کڕیوە. پێتان وانیە هەبوونی گەنجینەیەک بە ناوی پێشەوا لە گەڵ ئەم وتە نایێتەوە؟

دیارە وەک وتوومە پاش لە سێدارە درانی پێشەوا ملکە کانی ئێمە لە ڕێگای دادستانی شاری مەراغە بۆ دە ساڵ بە ئیجارە دران و خۆیان پارەکەیان وەر دەگرت. یەک دوو ساڵی خایاند تا بە دەربڕینی سکاڵا توانیمان وەریان گرینەوەو ئێمە وەزعمان بووژایەوە.سەرەرای ئەوە دوو برا بە نێوی سەید سەمەد و سەید سەلام کە خاوەنی مەڕو ماڵاتی زۆر و لە ئێمە دەوڵەمەندتر بوون ڕاوێژکار(مباشر) ماڵیی سەدری قازی بوون.

سەید سەلام بە سەر دێیەکان( زەویزار)ماڵی ئێمە رادەگەیشت .دایکم پاش شەهید کرانی پێشەوا بە سەید سەلامی وتبوو "چمان هەیە لە لاتان مابێت"؟ نێوبراو وتبووی " ئەی بەد بەخت تاقە دەنکێک گەنم تان نیە" .

سەرەرای ئەوە بۆ رۆژی پاش دەس بەسەر کرانی پێشەوا چەند ئەفسەری ئێرانی دەگڵ سەربازان رژانە نێو ماڵی ئێمە ئەوە هەمان بوو بردیان . بۆ وێنە فەرشێکی ناوچەی هەوشار کە بایی زۆری قیمەت هەبوو تا تفەنگی راوکردن و ماشێن بەتاڵانیان برد.

**لە درێژەی پرسی پێشوو دا دەبێ ئەوە زیاد بکەم:**

ئەو دەمی حێزبی تودە نە تەنیا لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکە لە باشووری کوردستانیش دەستیان بە تەبلیغاتی دژی من کرد . یەکێکی تر لەو هۆکارەکانە من رۆڵێکی بەرچاوم لە حەرەکەتی ئازادی کوردستان نەگێراوە ئەوە بوو نەم ویست خوێنی هیچ کوردیک بە دەستی منەوە برێژرێ. ئەوانە هێندیک لەو سەبەبانەن کە بۆچی من جێ بابی خۆم نەگرتوە بێجگە لەوەی خۆ دروست بوونی کۆماری کوردستان حکومەتێکی پاشایەتی نەبوو کەمن دەبوایە جێگری بابم بم ، بەلام بە شانازیەوە ئەوە دەتوانم بڵێم کە هەتا ئێستا هیچ کوردێ نە بە دەستی من و نە بە قەڵەمی من نە بە تفەنگی من خوێنی نەرژاوە وزیانی پێ نەگەیشتوە . خەڵک شاهێدی ئەوەن کە ئەگەر من خزمەتێکم لە دەست هاتبایە بۆ کوردێک بە دڵ و گیان ئەنجام دەدا.

**پرسیار :**

**کاک عەلی لە رەوت و درێژەی خەبات بۆ رزگاری هەر میلەتێکدا لە گەڵ ئەوە ویست و ئارەزووی خەباتکاران ئەوەیە بە بێ خوێن رژان و لێ کەوتنەوەی زیای گیانی و ماڵی تێکۆشانەکەیان بە سەر ئەنجامی خۆی بگات ، بەڵام ئەزموون نیشانی داوە خەباتی ئازادی خوازانە بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی ناوین بە بێ رەنج و قوربانیدان بە ئاکام نەگەیشتوە . واتە ئەو چاوەروانیە دژوارە مرۆ بتوانی خەباتی بێ قوربانیدان لە ئێران بە سەرئەنجام بگەیێنێ .**

**تکایە ئەگەر وێنەیەک لەو خزمەت کردنە باسی دەکەن لەزەینتان دا هەیە بفەرموون ؟**

**وەڵام:** دیارە من باوەرِم بە رزگاری کوردستان هەبوە . بۆ رزگاری کوردستان دەبێ شەرێش بکەین ، بگرە شەرِ لە گەڵ ئەو کەسانە هەر چەند کورد بن بەڵام لاینگری داگیر کەرانی کوردستان بکەن شتێکی رەوا دەزانم.

لە هەمان کاتدا من هەمیشە دژبەری شەرِی براکوژی بووم . ئیستاش لە سەر ئەو بیرو باوەرەماوم تا کورد یەک نەگرێ بە مافە رەواکانی خۆی ناگات.

ساڵی 1963کاتێک لە نێوان مەلا مستەفای نەمرو کۆمیتەی ناوەندی پارتی دێموکراتی کوردستان ناکۆکی پەیدا بوو ، مەلا مستەفای نەمر لە کاناڵی حێزبی دێموکراتی کوردستان لە منی را

ئەسپارد" کە دەسەلاتی شۆڕش [ ئەوکاتی کوردستان] ، لە دەست مندایە . بیستوومە دەوڵەتی ئێران خەریکی یارمەتیدانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دێمۆکراتی کوردستانە بۆ دژایەتی لە گەڵ من" ، مەلا مستەفا داوای کردبوو ئەو فەرمایشانەی وی بە بەرپرسانی ئێران رابگەیێنم.

ئەوکات ڕەئیسی ساواکی ئێران سەر لەشکر پاکرەوان بوو من چاوم بە پاکرەوان کەوت و فەرمایشەکانی مەلامستەفام پێ ڕاگەیاند. سەرلەشکر پاکرەوان کوتی " ئێمە بە هیچ شێوەییێک یارمەتی کۆمیتەی ناوەندی دژی مەلا مستەفا نادەین پشتیوانیان لێ بکەین . ئێمە ئەوە دەزانین مەلا مستەفاسەرکردەی شۆڕشی کوردەکانە لە باشووری کوردستان. ئێمە بۆ ئەوە مەلا مستەفا متمانەی هەبێ کۆمیتەی ناوەندی لە کوردستان دوور دەخەینەوە. دەیان بەین بۆ دەوروبەری هەمەدان. هەڵبەت پاکرەوان ئەوەی بە وتەکانی زیاد کرد کە ئەوان قەت چەک نادەن بە لاینێک دژی لایەکەیتر شەڕ بکات . ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لای ئێمە میوان دەبن.

دیارە لەو چاوپێکەوتنە لە گەڵ سەر لەشکر پاکرەوان باسی کورد بە شێوەییێکی گشتی گفتو گۆی لێ کرا و کاتێ کە من پێم کوت خوێندکارەکانی کورد لە دانشگاکانی ئێران لە ڕێفراندۆمی [ 2 ی ڕێبەندانی 1341 هـ ] خۆیان نەبوارد[ تەحریمیان نەکرد] ، و ئەوە نە لە بەر خۆشەویستی شای ئێران بەڵکوو لە ڕقی جەبهەی میللی کە هیچ دان پێدا نانێکی بە حەق و حقوقی کورد نەبوو کرد. لە بەرانبەردا پاکرەوان زۆر بە خۆش حاڵیەوە کوتی پێم خۆشە چاوم بە دانشجوە کوردەکانی دانشگای تاران بکەوێ . چەندین جار من لە گەڵ ژمارەیەک لە خوێندکارانی کوردی دانشگای تاران (حەسەن باباتاهێری و.....) چوومە ماڵی پاکرەوان و گفتو گۆمان هەبوو.

حەسەن بابا تاهێری زۆر بە توندی لە گەڵ پاکرەوان دەدوا . من پێم وابوو ئەو قسانەی باباتاهێری دەبێتە باعیسی وەی کە ئەو وتووێژەمان ڕابگیرێ بەڵام بە پێچەوانەوە پاکرەوان نەتەنێ قسەکانی بابا تاهێری بەر پەرچ نەدایەوە ، گوتی ئەو شتانە زۆر بۆ من باڵکێشن .

هەر لەو ماوەدا ڕۆژێک پاکرەوان لە دووی ناردم . لەو چاوپێکەوتنە دا بە منی کوت ، ئێمە بیستومانە کوردەکان خەریکی خەباتی دژی دەوڵەتی ئێرانن . نامانەوێ برینی کوردان بکولێنینەوە و پێمان خۆشە دەگەڵ کوردە کان دانیشین و پێکەوە ئاخافتن بکەین . تۆ کوردەکان بۆ ئەو مەبەستە بگەیێنە لای من . من باسەکەم بۆ ئەو بەر پرسانەی حێزبی دێمۆکراتی کوردستان گێڕایەوە.( عەلی خوسرەوی ، ئەمیر قازی و چەند کەسی دی کە ناوەکانم لە بیر نەماوە.) . بە منیان کوت ئێمە نامانەوێ خۆمان ئاشکرا بکەین باشترە تۆ بە پاکرەوان بڵێیی ناوەندی حێزبی دێمۆکراتی کوردستان ئێستا لە باشووری کوردستانە و من دەبێ پێوەندی بە ئەوانەوە بکەم .و ئەوەش لە ڕێگای یەکێک لە خزمەکانی خۆم .

پاکرەوان قەبووڵی کرد ، کوتی ئەو خزمەی خۆت بێنە بۆ لای من و ئێمە حازرین هەموو ئاسانکاریەکی بۆ بکەین لە سنوور بپەڕێتەوە.

وابوو ئەوان ئاسانکاریان بۆ خزمەکەی من چێ کرد و ئەو چوە کوردستانی عێراق . چەند ڕۆژێک پاش ئەوە چاومان بە پاکرەوان کەوتبوو جارێکی دی پاکرەوان منی بۆ دیدار لە نووسینگەی خۆی

بانگ هێشت کرد . کاتێک چوومە نێو ژوورەکە ئەو و جێگرەکەی لە سەرپێ راوەستا بوون بە بێ چاکو چۆنی و داوای دانیشتن لەمن زۆر بە توورەیی " ئەو خزمەی تۆ یەکێکە لە ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان . من پێم وابوو ئەگەر ئێمە قامکێکی خۆمان پێشکەش بە کوردان بکەین ئەوان بە هەردووک دەستەوە دەستمان دەگوشن ". هەڵبەت من پێم کوت ئاگاداری ئەوەنیم کە ئەو خزمەی من ئەندامێکی سەرۆکایەتی حیزبی دێموکراتە.

یەکێک لە داخوازیەکانی حیزبی دێموکرات ئەوە بوو کە زیندانیە سیاسیەکانی کورد ئازاد بکرێن . هەر بۆ ئەو مەبەستە ڕێگای منیان دا لە زیندان چاوم بە دوکتۆر عەلی مەولەوی و مەرحومی غەنی بلوریان و چەند کەسی دی کەوت و قەول وابوو دانیشتنەکان دەستی پێکرێ زیندانیەکوردەکانیش ئازاد بکرێن . دیارە دانیشتنەکان سەری نەگرت.

**پرسیار ؛**

**لەوە دەچێ پێوەندی ئێوە لە گەڵ پاکرەوان وەک سەرکردەی پایە بەرزی ئێران ، ساواک(سازمانی ئێتلاعات و ئەمنیەت) زۆر ئاسایی و دۆستانە بوو بێ! ئێوە وەک کوردێک بە تایبەت تاقە کوڕی سەرۆکی دژبەرانی دەسەڵاتی ملهوری شا کە پاشتر لە لایەن ئەوانەوە هەڵواسرا چاوپێکەوتن و وتووێژتان ئەوەندە هاسان بوو؟!سەرە رای ئەوە لە نێو بەرپرسانی دەسەڵاتی شا بۆ تەنێ پاکرەوانتان هەڵ بژارد ؟**

**وەڵام ؛**

وەک کوڕی شەهید پێشەوا هەموو کاروبارێکی من لە دەستی ساواک بوو. پاکرەوان نەتەنیا لە گەڵ من پێوەندی هەبوو بۆ وێنە لە گەڵ دۆکتۆر کامران بەدرخان پێوەندی باشی هەبوو. پێوەندی من لە گەڵ پاکرەوان لە سەر ئەو بابەتە وەک نیشان دەدرا ئەوە بوو دەتوانم دەورێکم لە پێوەندی نێوان کوردستان و دەوڵەتی ئێران هەبێ.

ساڵی 1958کاتێک مەلا مستەفای نەمر گەڕایەوە عێراق دەوڵەتی ئێران زۆر لەوە دەترسا گەڕانەوەی مەلامستەفا بۆ کوردستان ڕەنگە ببێتە هۆکاری سەرهەڵدانی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان .

لە بەر ئەوە شای ئێران داوای چاوپێکەوتنی لە گەڵ من کرد . سەفارەتی ئێران بۆ ئەم مەبەستە منێان برد بۆ پاریس . لەوێ شای ئێران پەرۆشی خۆی بەرانبەر گەڕانەوەی بەڕێز مەلا مستەفا دەربڕی . ئەو لە منی پرسی " ئێمە چ بکەین بۆ کورد؟" .

من پێم وت ئەگەر بێتوو ئیجازە بدەن کوردەکان بە زمانی خۆیان بخوێنن ، ڕۆژنامەیان هەبێ ، ڕادیۆیان بە زمانی کوردی هەبێ ئەوە دەبێتە هۆی دڵخۆشی کوردی ڕۆژهەلات.

شا جەهانگیر تەفەزۆلی ( سەفیری سەیاری ئێران ) مەئمور کرد لە گەڵ من بۆ ئەنجام درانی ئەو ئەرکانە یارمەتیدەر بێت.

لە بەر ئەوە من جەهانگیر تەفەزۆلی –م بە دۆکتۆر کامران بەدرخان ناساند . دیارە دۆکتۆر بەدرخان هەمان داواکاریەکانی منی هەبوو . ئەوە بوو ڕۆژنامەی کوردستان لە تاران چاپ کرا و رادیۆی کوردی تاران دەستی بە وەشان کرد (1958- 1959). دەسپێکی پێوەندی من لە گەڵ پاکرەوان لێرە را بوو.

پاشان کە هاتمە ئاڵمان بوومە ئەندامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد و دەو چوار چێوەیەدا خزمەتێک لە دەستم هات کۆتاییم نەکرد.

پرسیار ؛

کاک عەلی هەر چەند ڕەنگە بەجاران وەڵامی ئەم پرسیارەتان دابێتەوە و دیسان هەر چەند لە ئەم دەورو زەمانەدا وێدەچێ ماچ کردنی دەست و چاوی دوژمن و نەیارانی خۆێرێژی کورد ئاسایی و پێوەندیەکان زۆر لەوە زیاتر تێپەڕیوە بەلام ئەگەر پێتان گران نەبێ ڕەنگە لە بەر ئەوە لە سەرەوەدا ئیشارەتان بە دیداری ئاخرین شای ئێران کردلە جێدا بێت ئاماژەیەک بە ڕاستی و ناراستی ماچ کردنی دەستی شا بکەنەوە .

وەلام :

بە پێچەوانەی هێندێ پرۆپاگەندە هیچکات دەستی شام ماچ نەکردوە . ڕەنگە سەر چاوەی ئەم وتراوە لەوێرا هاتبێ لە ڕوو بەرگی مەجەلەی تەرەقی ساڵی 1954 لە ئێران دەردەچوو وێنەیەکی من بە تەنێ و لە لای بەرەوەی ئەم وێنە یەک لە سەرۆک عەشیرەکانی لای ورمێ کاتی ماچ کردنی دەستی شا لە وێنەیەکیتردا نیشان درابوو.

[ تێ بینی : بەڕێوەبەری ئەم وتووێژە چەند جار لە ڕێگای ناردنی ئیمەیل بۆ بەشی ئارشیوی مەجەلەی نێوبراو هەوڵی پێویستی کرینی کۆپی وێنەی باسکراوی وەگەر خست بە داخەوە بێ وەڵام مایەوە] .

پرسیار ؛

ساڵی چەند هاتنە ئاڵمان . ئایا هاتنتان بەرەو ڕووی کێشەی ڕێگرتن نەکرا ؟ ئەگەر بکرێ باسی کارو پیشەی خۆتان لە ئاڵمان بکەن ؟

**وەڵام ؛**

ساڵی 1955 بۆدرێژەی خوێندن هاتمە وڵاتی ئاڵمان (مۆنیخ) لە ئاڵمان دیپلۆمم وەر گرت پاشتر لە زانکۆی مۆنیخ لە ڕشتەی ماف و زانستە سیاسیەکان لیسانسم وەرگرت . دیارە شای ئێران بە مەبەستی دوورخستنەوەی من لە کوردستان بە بیانووی خوێندن ڕەوانەی ئەم وڵاتەی کردم.

لە ئاڵمان بوومە ئەندامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد و لەو چوار چێوەیەدا  هەر خزمەتێک لە دەستم هات کۆتاییم نەکرد.

پرسیار :

سالی 1979 دوابەدوای رۆخانی دەسەلاتی شا هاوکات لە گەڵ ڕەخسانی دەرفەتی داواکاری ماف و ئازادیە سیاسیەکان بۆ کورد لە رۆژهەلات دەورو تێکۆشانی ئێوە لە چ ئاستێکدا خۆی نواند و پێوەندی ئێوە لە گەڵ حێزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم هەلو مەرجەدا چۆن بوو؟

وەڵام :

وەکوو دەزانن سەرجەم حێزب ، رێکخراو و تاکەکان  کە دژبەری کۆماری ئێسلامی بوون دەگەڵ دەولەتی عێراق تێکەڵییان هەبووو یارمەتیان لەو حکومەتە وەر دەگرت.

حێزبی دێمۆکرات ، کۆمەڵە ، خوالێ خۆش بوو مەلا شێخ عێزەدین هاکەزا لە گەڵ دەوڵەتی عێراق پێوەندیان هەبوو و یارمەتی دەدران.

وابوو دەولەتی عێراق پێوەندی بە منیشەوە گرت و بانگهێشتی بەغدایان کردم . عێراقیەکان وتیان گرووپێک پێک بێنە و دژ بە جمهوری ئێسلامی خەبات بکە .

دوای ئەوە لە (هەڵشۆ) کە گوندێکی نزیک بە شاری قەڵادزە سەر سنووری رۆژهەلات و باشووری کوردستان مەقەرێکم کردەوە.

کاک عەلی ئێوە لە سەر ئارەزووی دەسەلاتی بەعس بە سانایی داواکەی ئەوانتان پەژراند؟!

هەر لە بێدایەتەوە پێوەندیم لە گەڵ هێندێک لە ئەندامانی حێزبی دێمۆکرات هەبوو. بۆ وێنە مەلا ڕەسول پێشنماز ، منتەقم قازی ، عمر قازی . ئەوان پێیان وابوو باشترە من هاوکاری حێزبی دێمۆکرات بکەم و بۆ نیشاندانی دڵپاکی خۆم ڕادەیەکی زۆر ئەسلەحەم بۆ حێزب  بەرێ کرد . بە داخەوە لە جیاتی ئەوە ڕابگەیێنن ئەو چەکو چۆڵەمان لە لاین عەلی قازی پێ گەیشتوە لێرەوە لەوێ رایان گەیاند ئەو چەکانە هی سەلتەنەت تەڵە بەکان بوون و دەستمان بە سەردا گرتون!

دەوڵەتی عێراق زۆرجار پێشنیاری بە من دەکرد شەڕی پارتی دێمۆکرات و جەلال تالەبانی بکەم . ڕۆژێک لە گەڵ ئەفسەرێکی عێراقی کە پێشتر ملحەق عەسکەری [وابەستەی نیزامی لە ئاڵمان بە نێوی ڕائێد محمود] ،دەوڵەتی عێراق بوو ، پێکەوە لە قەڵادزە ڕاوەستابووین بە قامکی دەست بەرەو شاخەکان ئاماژەی کرد و لەمنی پرسی دەزانی کێ لەو شاخانە دایە؟ وتم نا. رائێد محمود وتی ئەوێ دوو گوندی لێیە بە ناوەکانی ( شێنێ و سۆنێ) مەقەڕی جەلال تاڵەبانی لەوێیە. ئەگەر تۆ هێرش بۆ سەر ئەو دێیانە بکەی ئێمە چوارسەت هەزار دینار (کە ئەو کات بایی ملیۆنێک و دوو سەت هەزار دۆلار بوو ) ، پارەت دەدەینێ.

لە وەڵامدا پێم وت من بۆ خۆم و دوو سەت نەفەر شەڕی جەلال تاڵەبانیم پێ ناکرێ . ئەفسەری ناو براو وتی ئەوە گرفت نیە . ئێمە دە هەزار نەفەر کۆماندۆ بە جلو بەرگی کوردیەوە لە پشت ئاوایی شێنێ و سۆنێ دادەبەزێنین و شەڕی جەلال تاڵەبانی دەکەین.

زۆر زوو لە وتەی ئەفسەری عێراقی تێگەیشتم کە ئەوان لە بەرنامەیاندایە شەڕێ جەلال تاڵەبانی بە نێوی شەڕی کورد لە گەڵ کورد رابگەیێنن و بڵێن کوڕی قازی محمد دژی جەلال تاڵەبانی شەڕ دەکات . جیا لەوە ئەگەر مەبەستی عێراقیەکان ئەوە نەبوایە چ پێویستێکیان بە من هەبوو. بەڵام من هیچکاتێک ئامادە نەبووم شەڕی کورد بکەم .

جارێکیان هەزار نەفەرێک جاشی عێراقی هاتن بۆ لای مەقەڕەکەی ئێمە . دەوڵەتی عێراق ئاگاداری کردم ئەو چەکدارانە لە بەر یارمەتی کردن بە من ڕەوانە کراون.

خەڵکی قەڵادزێ بە تایبەت ( مەلا محمد دەڵگەیی) منیان بۆ مزگەوتی قەڵادزێ بانگهێشتن کرد و ئاگاداریان کردم کە هەبوونی ئەو چەکدارانە لای تۆ شیاو نیە . دیارە وەڵامی من ئەوە بوو ، بێ ئاگا لە هاتنی ئەوانە بووم و دەوڵەتی عێراق ئەوانی ناردوە. دوابەدوای ئەوە مەقەڕەکەم بەرەو بغدا بە جێ هیشت .

دوای چەند ڕۆژێک ( نووری حەدیسی) بەرپرسی باشووری کوردستان لە حێزبی بەعس چاوی بە من کەوت و پرسیاری لێ کردم بۆ مەقەڕەکەت بە جێ هێشتوە . وەڵامم ئەوە بوو لە بەر ئەوە بە بێ ئاگاداری من دەس لە کاروبارم وەردەدەن . ڕام گەیاند من پێویستم بە ئەو چەکدارانە نیە . ناو براو هاتە سەر ئەو قەناعەتە بڕیار بدات بە زوویی چەکدارە کوردە کانیان بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان . پاش دڵنیایی بەرەو قەڵادزە گەڕامەوە . هاوکات لە گەڵ گەیشتنم بە قەڵا دزە ئاخرین نەفەری جاشەکان ناوچەکەیان بە جێ دەهێشت.

کەک عەلی پێم خۆشە باسی پێوەندی و هاتووچۆی خۆتان لە گەڵ حێزبی دێمۆکرات بکەن .

لەو ماوەدا کە لە هەڵشۆ بووم پێوەندی لە نیوان من و دۆکتۆر قاسملو لە ڕێگای نەفەری خۆمانەوە هەبوو پێیان وتم ئێمە [حێزبی دێمۆکرات] هێزێکی پێشمەرگەبە ناوی تۆ ساز دەکەین بەڵام لە ژێر چاوەدێری خۆماندا . جارێک ئاگادار کرام دۆکتۆر قاسملو لە ئاخاوتنێکدا وتبووی " کوڕی ڕەش دۆژمنی ئێمە نیە ، دۆژمنی ئێمە خۆمەینیە" .

لە لاییکیتروە عێراقیە کان خوازیار بوون و بڕیاریان دەدا من لە سنوور بەرەو ڕۆژهەڵات دەرباز بم . هەموو جارێک قسەی من ئەوە بوو لە حالەتی ئەوتۆدا ئەگەر بەرەو ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگەڕێمەوە لە گەڵ حێزبی دێمۆکرات تووشی شەڕ دەبم و ئەوە ویستی من نیە شەڕی کورد بکەم.

لێرە دا پێویستە مەسەلەیەک ڕوون بکەمەوە. من بە پێشمەرگەکانی خۆم ڕاسپاردبوو بە هیچ شێوەیەک نابێ تووشی شەڕی برا کوژی ببن. بگرە جارێک چەکداری پارتی شیووعی ( عێراق ) بە

پێشمەرگەکانی من بێ حورمەتیان کردبوو ، لە گەڵ ئەوە  بە پێ ڕاسپاردەی پێشووی من هیچ چەشنە دژ کردەوەیەکیان لە خۆ نیشان نەدابوو.

 وەک پێشوو وتم دەوڵەتی عێراق پێداگری گەڕانەوەی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرد . هەموو جارێک مەسەلەی ئەگەری تێکهەڵچوونم لە گەڵ حێزب باس دەکرد . قسەی عێراقیەکان ئەوە بوو " دۆکتۆر قاسملو دۆستی ئێمەیە . وەعدێک دادەنێین لە گەڵ دۆکتۆر قاسملو چاوتان بە هەڤدوو بکەوێ و پێکەوە ڕێکەوتنێکتان هەبێ" .

ڕۆژێک هلیکۆپتەرێک هات و منیان بۆ قەرارێکی ئەوتۆ بردە فرۆکەخانەی کەرکوک . لەوێرا بە تەیارەی تایبەت ناردیانم بۆ بەغدا بۆ دیداری دۆکتۆر. کاتێک گەیشتمە بەغدا ئاگادار کرام "دۆکتۆر  سەفەرێکی زۆر گرینگی بۆ دەرەوەی وڵات هەبووە لە بەر ئەوە نەیتوانیوە راوەستێ . سبەینێ ( ڕۆژی دواتر) تۆ چاوت بە نوێنەری ئەو ( دۆکتۆر ) دەکەوێت" .

ڕۆژی پاشتر دیسان بە تەیارەی تایبەت گێرامیانەوە بۆ کەرکوک لەوێ  لە مۆخابرات [ یەک لە ئێدارەکانی سەربە دەزگای پاراستنی دەسەڵاتی بەعس] ، چاوم بە ئەمیری قازی و مەلا ڕەحمان کاژێ کەوت [ کاک ئەمیر قازی ئەوکات ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حدکا و کاک ڕەحمان کاژێ لە پێوەندیەکانی دەرەوە ی حێزب (لە گەڵ عێراق ) و دەبیرخانەی حێزب  بەر پرسایەتییان هەبوو .

من بە ئەمیرم کوت ئێوە چ دژایەتیەکتان هەیە لە گەڵ هاتنەوەی من بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

ئەمیر کوتی ئێمە هیچ دژایەتیەکمان لە گەڵ هاتنەوەی تۆ نیە بەڵام هێندێک شەرت و شرووتمان هەیە. لێم پرسی ئەو شەرتو شرووتەی تۆ چیە ؟ وەڵامی ئەوە بوو ئێرە جێگای باس کردنی نیەو لە درێژە دا ئیشارەی بە ئەوە کرد  نامەیەکیان بۆ دەفتەری سیاسی حێزب نووسیوە کە ئەوان کاریان بە کاری من نەدابێ . لە کۆتاییدا وتی لە دوو سێ ڕۆژی دوائێدا وەلامت دەدەینەوە.

پاشتر بە هەڵکەوت تووشی مەلاڕەحمان کاژێ کاتی لێ خوڕینی ڕەنجرۆوێرە سەوزەکەی دۆکتۆرقاسملو بوو، بووم . ناوبراو کوتی ئەوە دەگەڕێتەوە دەفتەری سیاسی بۆ وەر گرتنی وەڵامەکەی من.

پاش دووسێ ڕۆژ چاوەروانی بە پێ ئەو پێشەکیە باسم کرد پێم وابوو گرفتێک بۆ گەڕانەوەم بۆ وڵات لە سەر ڕێدا نەمابێ. دوابەدوای خۆ تەیار کردن چووینە گوندێکی سەر سنوور . لە نەکاوڕا بیست تا سی پێشمەرگەی حێزبمان دیت کە خەریکی سەنگەر گرتن لە سەر ڕێ ئێمە بوون .! دیارە چ ئەوانە لە گەڵ من و چ ئەو کەسانەی پێشمەرگەی حێزب هەموو خەڵکی ئەو گوندانە و لە ڕاستیدا خزمو کەسی یەکتر بوون . دەکرێ بڵێم برایێک لای من و برایەکەیتر لای حێزب پێشمەرگەبوون.

لەهەمان کاتدا ئەوان تانەی جاشەتیان لە ئێمە دەدا . هەر چەند حەولی قانع کردنمان دەدان کە ئێمەش بۆ ڕزگاری کوردستان خەبات دەکەین سوودی نەبوو !

سەرئەنجام من بە ئەو ئاکامە گەیشتم ڕەنگە تووشی تێک هەڵچوونی چەکدارانە لە گەڵ ئەو تاقمە لە پێشمەرگەکانی حیزب ببین . بە ناچار لەنامەیەکدا بۆ دەفتەری سیاسی حیزب نووسیم بە پێ تێگەیشتنی من ئێوە دژایەتی گەڕانەوەی من بۆ نێوخۆی کوردستان ناکەن ، بۆیێ خوازیارم بڕیار بدەن پێشمەرگەکانتان لە سەر ڕێ ئێمە بکشێنەوە تا بتوانین هاوشان شەڕدژی کۆماری ئێسلامی بکەین.

دوو ڕۆژی خایاند بەڵام وەلامێکم بە دەست نەگەیشت .تا دەهات وەزعەکە بەرەو ئالۆزی زیاتر دەچوو . بڕیارم دا بۆ خۆم بە مەبەستی وتوویژ لەم بارەوە سەردانی دەفتەری سیاسی حیزب بکەم . درەنگانێکی ئێوارە گەیشتمە میراوێ [گوندێک لە ناوچەی سەردەشت]، لەم دێیە تووشی ڕاسپاردەکەی خۆم هاتم . نامەیەکی کاک حەسەن ڕستگاری پێبوو.[ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی] . لەو نامەیەدا نووسرابوو " کاک عەلی ئێوە بگەڕێنەوە ئەو جێگایە لێرا هاتون ، دەنا هەر شتێک بقەومێ ئێوە بەر پرسیارن " . منیش دیتم تازە درەنگانی ڕۆژە ناگەمەوە مەقەڕەکەی خۆم . بڕیارم دا بچم بۆ دەفتەری سیاسی حیزب و لە گەڵیان بدوێم . کاتێک گەیشتمە شوێنی نێوبراو وێرای کاک حەسەن ڕستگار ، سەید ڕەسووڵ بابی گەورە لەوێ بوو .

پرسیار :

کاک عەلی لە سەرجەمی جۆری هەڵسوکەوتەکاندا لەوە دەچێ بە ئارەزووی خۆتان بەرەو تەسلیم بوون بە دەسەڵاتی حیزبی دێمۆکرات و مل دان بە بڕیارەکانیان هەنگاوتان هەڵێناوە .تکایە بفەرموون هۆکاری هەڵوێستی دژبەرانەی حیزب بەرانبەر ئێوە و ڕادەست کردنی بەڕێزتان بەرەو زیندان لە سەر چ ئەساسێک بوو؟

وەلام :

پاش ئەو سەفەرە بۆ دەفتەر بەڵێنیەکانی پێشوو دووپات کرانەوە .لە دیداری سەید ڕەسوڵ دهقان پێم ڕاگەیاند ، لە لایێک دەڵێن دەتوانم بگەڕێمەوەبۆ نێوخۆی وڵات ، لە لاییک داوایترتان هەیە! ئەو کوتی ئەو حیزبە پێشەوا قازی محمد دایمەزراندوە ، تۆ وەک کوڕی پێشەوا قازی محمد جێگات نێو حیزبی دێمۆکراتی کوردستانە . من بە پێخۆشحاڵیەوە بە سەید ڕەسولم ڕاگەیاند بە شانازیەوە پێم خۆشە پیسمەرگەی حیزب بم . لە بەرانبەردا سەید ڕەسوڵ بە نوسین پێشوازی لە وتەکەی من کرد و هەردوولائێمزامان کرد . ئەوجار وێکرا چووین بۆ لای پێشمەرگەکانی من و دەقی ڕێکەوتنەکەمان بۆ شیکردنەوە . هەموو شتومەکێک هەمان بوو تەحویل حیزب درا. پێشمەرگەکان سەرپشک کران بۆئەوە خۆیان بڕیار بدەن دەبن بە پێشمەرگەی حیزب یان هەر لاینێکیتر.

دەبێ ئەو تێبینیە زیاد بکەم عۆمەر ئاغا بەر پرسی نزیک حەفتا پێشمەرگە بە منی ڕاگەیاند ئەوان [ حیزب] ڕاست ناکەن و خوازیاری هەمبەر وەستان و خەباتی سەر بەخۆ بوو. هەڵبەت من وتە و پێشنیارەکەم پەسەند نەکرد و سەرجەم چەکو چۆڵەکانم تەسلیم بە حیزب کرد . خواردەمەنی و ئازووقەی بنکەکەمان بە سەر خەڵکدا دابەشکرد.

دواتر گەڕاینەوە گوندی میراوێ .لەوێدا مێوانی حێزب بووم و لە گەڵ سەید ڕەسوڵ چوینە دەفتەر ، کاک سادق شەرەفکەندی لەوێ بوو . پاش وتووێژ منیان بۆ ئاوایی (سێپەکان ) کە زیندانی حێزبی لێ بوو بەڕێکرد و لە ماڵی ئاغای ئەو دێیە دابەزیم .

زۆری پێنەچوو لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان هەواڵی چەک کرانی پێشمەرگەکانی عەلی قازی و دەس بە سەر کرانی خۆمم بیست. چۆنیەتی بڵاو بوونەوەی ئەو هەواڵەم لە سەید ڕەسوڵ پرسیار کرد ناوبراو بە جۆرێک پاساوی بۆ هێنایەوە.

دواتر کاک مستەفا قازی هات بۆ لام و پێداگری کردەوە لە لایەن حێزب ڕا مەئمور کراوە پێم بڵێ ئەوان لە سەر قەراری پێشووی خۆیانن واتە راسپاردەکەیان ئەوەیە : " لە هەر شوێنێک پێم خۆشە دابنیشم ، ئاگایان لێم دەبێ و...." . ئەو باسی خەبەری بڵاو کراو سەبارەت بە من لە ڕادیۆ کوردستانی کرد و پێی وتم دۆکتور قاسملو کوتویەتی با عەلی قازی بچێ بۆ ئۆروپا.

جارێک ئەحمەد قازی هات بۆ لام و وتەکانی پێشووتر بۆ پاراستنی حورمەت و ئەوە لە کوێ پێم خۆشبێ نیشتەجێبم دووپات کرایەوە.

بە کورتی لە نێهایەتی خۆیدا من گوندی (میشەدێ ) ، لای ماڵی کاک خدر سالار عەشایری ـ م هەڵبژارد . هەڵبەت تا شوێنی نێوبراو بە حورمەتەوە پێشمەرگەیان لە گەڵ ناردم.

هەر چەند ماوەیەک جارێ لێرە( میشەدێ) سەردانیان دەکردم . جارێکیان کاک فەتاح کاویان و محسن مرادی ( دەبیرخانە) وەک خۆیان درکاندیان بە مەبەستی لێپرسینەوە لەمن هاتنە میشەدێ .

لە گەڵ ئەوە بەرهەڵستی داواکەیان دەرکەوتم شتێکم بە نووسین لە سەر خواستی خۆیان بۆ نووسین.

. دواتر سەید ڕەسووڵ نەفەری ڕاسپاردبوو لە (واوان)، [گۆندێکی ناوچەی سەردەشت] چاوم پێ بکەوێ.

ناوبراو ئاگاداری کردم قەرارێک پێشوو لە سەری ساغ بووینەوە پەسەندی حێزب نیە. بە کورتی ئاکامی سەریەکی ئاخاوتنی نێوان من و سەید ڕەسوول ، حێزب بە بڕیاری پێشووی خۆیدا چوەتەوە واتە دەبوو من زیندانی بکرێم . قسەی ئاخری سەید ڕەسووڵ بە بۆنەی نیشان دانی ناقایل بوون بە بڕیاری باس کراو کۆتایی بەخشین بە تێکۆشانی خۆی لە ڕیزی حێزب بوو.

وتەی من لە بەرانبەر جۆری دژکردەوەی سەید ڕەسووڵ خواستی نووسینی چۆنیەتی باس و خواستەکان و ئاگادار کردنی بیرو رای گشتی لە دەقی وتە ، قەرار و هەڵوێست وپێوەندیەکانی پێوەندیدار بوو ، بەڵام نێوبراو بە وتنی ئەم ڕەستەیە کە ئەوە کێشەی لێ ساز دەبێ خۆی لە درکاندنی راستیەکان بە نووسراو پاراست. ئەنجامی پاشتر زیندانی کران لە (دۆڵەتوو ) ی لێ کەوتەوە.

لە بەر ئەوە خەڵکێکی زۆر بۆ دیداری من ڕوویان لەوێ دەکرد . چاو پێکەوتنی زیندانیەکان بە بێ ئیزنی دەفتەری سیاسی بەر بەست ڕاگەیێندرا. هەڵبەت لەو ماوەدا لە دۆڵەتوو بووم چ لێپرسینەوەیەک لە من نەکرا.



[وێنەی عەلی قازی لە زیندانی دۆڵەتوو -- سەردەشت]

دیارە مەلای کوردستان لە پێوەندی زیندانی کرانی من گازەندیان ئاراستەی حێزب کردبوو کە چۆن دەکرێ لە شوێنێک وێنەی قازی بە ڕێزەوە هەڵدەواسرێ ، هاوکات کورەکەی لەو شوێنە زیندانی بکرێ؟

کاک عەلی : ئەو بەشە لە قازیەکان مەبەستم کەسانی سەر بە بنەماڵی قازیە کە خاوەنی بەر پرسایەتی لە نێو ڕیزەکانی حێزب بوون ، دژ بە بڕیاری حێزب  بۆ زیندانی کرانی بەڕێزتان هەڵوێست و دژکردەوەیەکیان نەبوو ؟

وەک پێشتر وتم کاک مستەفا هات و رای گەیاند کوتویانە با بچێ بۆ ئۆروپا . کاک ئەحمەد قازی هاتەلام وتی حێزب حورمەتت دەگرێ و پارێزوانت بۆ دابین دەکا و وتوویانە لە هەر شوێنێک پێ خۆشە با نیشتە جێ بێ . ئەوە بوو سەرتا چوومە میشەدێ لە ناوچەی پیرانشار .

پرسیار :

کاک عەلی ئێوە دوابەدوای ئازادبوونتان لە زیندانی حێزبی دێمۆکرات لە ڕێگای بەغدا گەرانەوە ئاڵمان . بەڵام دواتر تووشی زیندانی دەوڵەتی بەعسی عێراق هاتن ! دەکرێ بفەرموون هۆکاری کەڕانەوەتان بۆ بەغدا و زیندانی کرانتان چیبوو؟

وەڵام :

دوای ئەوە حێزبی دێمۆکرات مەرجی ئازاد کران واتە دژایەتی بۆ گەڕانەوەم بەرەو دەورو بەری مەهاباد ڕاگەیاند و پێیان وتم ئەگەر ئامادە بم بەرەو ماکۆ (سنووری تورکیە) و ئۆروپا بچم لە زیندان ئازاد دەکرێم ، لە ڕێگەی دۆکتۆر سەعید هاودەنگی خۆم دەر بڕی زیندانم بە جێ هێشت.

ساڵی 1986لە لایەن دەوڵەتی عێراق بۆ باس لە سەر مەسەلەی کورد و شەڕی نێوان ئێران و عێراق بانگ هێشتی چاو پێکەوتنی سەدام حسین لە بەغدا کرام . ڕۆژی 16 ئاگوستی1986 لە ئاڵمان را گەیشتم بەغدا . لە فڕۆکەخانە پێشوازیم لێکرا . لە بەغدا مێوانی حکومەتی عێراق بووم . قەرار بوو چاوم بە سەدام حسین بکەوێ. دوای چەند جار سەر نەگرتنی قەرارەکان ( ئێمڕۆ و سبەینێ پێکردن) ، لە بەر ئەوە لە ئاڵمان کاری تایبەتی خۆم هەبوو عێراقیەکانم ئاگادار کرد چێتر ناتوانم لە بەغدا بمێنمەوە.

بەرپرسە عێراقیەکان پێداگری زۆریان دەکرد بمێنمەوە تا ئەو جێگا ئەفسەرێکی عێراقی کە پلەی سەرگوردی هەبوو بە منی کوت: " وەک ئەفسەرێکی عێراقی کەوشەکانت ماچ دەکەم بۆ ئەوە لە گەڕانەوەدا پەلە نەکەی" ، بەڵام سەرە ڕای ئەم داوایە نەم دەتوانی زیاتر بمێنمەوەو پێم ڕاگەیاندن دەبێ بە هەچ شێوەیەک بگەڕێمەوە ئاڵمان.

بۆ ڕۆژی دواتر 26ی ئاگوستی 1986منیان بەرەو فڕۆکەخانەی بەغدا برد . لەوێ بۆ ژووری مێوانانی حکومەتی عێراق کە شەش ئەندامی پایە بەرزی دەسەڵات بە نێوی بەدرەقە کردن تێدا ئامادە بوون ڕێنوێنی کرام و هیوایان خواست بە زوویی بگەڕێمەوە بغدا .

ڕاسپاردەیەکی تەشریفات پاسپۆرت و بلیتی گەڕانەوەی منی بە دەستەوە بوو تا بەرەو سوار بوونی تەیارە هاوڕێیەتیم بکات .

پێش ئەوە بچمە ژووری تەیارەکە کەسی ڕێنوێن لە گەڵ ئاماژە بە کۆمەڵێک جانتای سەفەر لە پای پلێکانی تەیارەکە بە منی وت جانتا کەت دەس نیشان بکە . بۆ نیشان دانی چەمەدانەکەم لە پلێکانی تەیارەکە چوومەوە خوار ، چاوم بە ماشێنێکی مرسدسی پارک کراو کەوت . لە گەڵ هاتنە خواری من چوار کەس لە نێو ماشێنە کە دەرپەڕین . بە پەلە و پالە پەستۆ منیان لە ماشینەکە هاویشت چاویان بەستم و بەڕێ کەوتن .

پاش ماوەی نزیک بە دوو سەعات لێخوڕین لە ماڵێک دایان بەزاندم . لە ژوورێکی تاریکدا چاویان کردمەوە. چەمەدانەکەیان بۆ نێو ژوورەکە فڕێدا و دەرکەیان لە سەر گاڵەدام.

بە دیتنی ئەم وەزعو حاڵە کەوتمەوە بیری مووسا سەدر . ئەویش کاتێک هێنابوویانە فڕۆکەخانەی ترابلۆس لەوێرا ون کرا.

ئەو شەوە زۆر بە باشی نووستم لە بەر ئەوە بەلای خۆمەوە ماڵئاواییم لە ژیان کرد. .

بۆ ڕۆژی پاشتر کەسێک دەرکەکەی لێ کردمەوە و ڕای گەیاند بچم بۆ خواردن کە چوومە دەر دیتم لە نێو ماڵێکی تاریکدام .

لە سەر یەک ماوەی پێنج ساڵ لە زیندان مامەوە . کاتێک سەر هەڵدان لە کوردستان دەستی پێکرد ،ڕۆژی شەشی ئاپریلی 1991 ئازاد کرام کێشی جەستەم کاتی ئازاد کران 52 کیلۆ بوو . لەو ماوە دا سێ جار تووشی نەخۆشی دژوار هاتم . لەسەر یک نە ئەوکات و نەئێستا نازانم لە سەر چێ گیرام و لە بەر چی ئازاد کرام!



[وێنەی کاک عەلی کاتی ئازاد کران لە زیندانی بەعس]

پرسیار :

**کاک عەلی : هیچکات لێپرسینەوەیان لە سەر هۆکاری زیندانی کران لە گەڵ نەکردن ، ئێوە بۆ خۆتان پرسیاری ئەوەتان نەکرد لە بەر چی هەڵسو کەوتی وەها لە گەڵ مێوانی سەدام حسین دەکرێ ؟**

وەڵام :

تاقە یەک وشە ئاگادار کردن و وەڵام بۆ پرسیارێکی ئەوتۆ نەدەدرایەوە.

لەماوەی زیندانی کرانم دا [ ساڵی 1989] تاها محیی ئەلدین مەعروف هاتبوو ئاڵمان سیاسەتمەداری بە نێو بانگی ئاڵمانی و سەرۆک وەزیرانی ئیالەتی شلیزویگ هۆلشتاین [ بارشل کە دواتر بە هۆییێکی نادیار لاشەکایان لە وانی حەمام لە سوئێد دیتەوە ] ، داوای ئازاد کردنی منی لێ کردبوو . تاها محی ئەلدین لە گەڕانەوە بۆ بەغدا  ڕۆژێک هەواڵی بۆ خۆشکم [ مریم خانم] ناردبوو  بۆ نیوەڕۆ خۆراکی فسنجان دروست بکا  لە گەڵ عەلی (من) دێن بۆ ماڵ . بەلام

ئەم وەڵام ناردنە لە قسەیێک تێ نەپەڕی و هیچکات خەبەرێکی ئەوتۆ لە لایەن تەها محی ئەلدین وەڕاست نەگەڕا.

هەر لەو پێوەندیە بۆ ئازاد کرانی من (گەینشێر) وەزیری پێشووی دەرەوەی ئاڵمان لە گەل تارێق عەزیز قسەی کردبوو. یاسر عەرەفات لە سەر داوای (مادام بۆڤیلار) وەکیل و داکۆکیکاری خەباتگێرانی جێهانی سێهەم وەک ئەلجەزایر و... لە سەر بەڵێنیەک بە خێزانم دابووی بە یاسر عەرەفات دەڵێ لە چاوپێکەوتنی خۆیدا لە گەڵ سەدام داوای ئازاد کردنم بکات . دیارە عەرەفات بە سەدامی وتبوو.

دۆکتۆر ئەمینی و شاپوور بەختیار لە ڕێگای مەلێک حوسێن پادشای ئۆردن هەمان داواکارییان هێنابوە گۆڕێ. مۆکەڕەم تاڵەبانی یەکیتر لەو کەسانە بوو کە مەسەلەکەی لە گەڵ سەدام باس کردبوو.

**پرسیار :**

**ساڵەکانی 1995ی زاینی پاش سەرهەڵدانی ئاڵۆزی نێوان پ کاکا و دەوڵەتی ئاڵمان هەوڵی نێو بژیوانی ئێوە باس دەکرا . دەکرێ زانیاری و ئاکامی ئەم پێوەندیە باس بکەن ؟**

**وەڵام ؛**

لە ساڵەکانی 1995 بۆ دواتر نێوان ناخۆشیەکی تۆند نێوان دەوڵەتی ئاڵمان و پ کا کا هاتە ئاراوە. هەتا ئەو کاتی ئاڵمانیەکان کوردیان خۆشدەویست . کابراییێکی ئاڵمانی بە نێوی ( کارل مای) کتێبێکی لە سەر کورد نووسیبوو بە نێوی " لە کوردستانی وەحشی دا " [ - Karl May Durchs wilde Kurdistan].

ئەڵبەتە بە کار هێنانی کەلیمەی وەحشی نە بۆ ئینسانی کورد بەڵکوو بۆ چیاکانی کوردستان بوو . هەر گەنجێکی ئاڵمانی ئەو کتێبەی خوێندبووە کوردی خۆشدەویست .

ئەو کێشەو هەرایەی نێوان پ کا کا و ئاڵمان هاتە دی کاردانەوەیەکی وەهای نواند ، ئاڵمانیەکان ئیتر بیرو ڕایان بەرانبەر کورد وەک پێشوو نەما بۆیێ ئەمن چاوم بە کاربەدەستانی ئاڵمان کەوت و ئامادەیی خۆم پێ نیشان دان کە ئەو کێشە حەل بکەم . دوابە دوای هاو دەنگی ئاڵمانیەکان بۆ مەبەستی باس کراو پێوەندیم لە گەڵ بەر پرسانی پێ کا کا ساز کرد . قەرار درا لە دەمشق دیداری ئاپۆ بکەم .

ئەو کات لە گەڵ شمیت باوەر[ Schmitbauer] کە راوێژکاری هیلموت کۆڵ [سەدری ئەعزەم]بۆ کارو باری ئەمنی بوو زۆر جار لە ئیدارە تایبەتەکەی سەدری ئەعزەم بۆ مەبەستی سەرەوە پێوەندیمان هەبوو . نامەی ئاپۆم پێ دەدان و شمیت باوەر لە تەنیشت ژوورەکەی خۆی دەیدا بە هێلموت کۆڵ سەرۆکی ئاڵمان.

لە دەمشق چاوم بە عەبدوڵا ئۆجەلان کەوت و بە بەڕێز ئۆجەلانم ڕاگەیاند" کە ئەو سیاسەتەی پ کاکا بە تایبەت لە ئاڵمان پێشی گرتوە کارێکی باش نیە و ئێمە دەبێ پێوەندیەکانمان لە گەڵ دەوڵەتی ئاڵمان باشتر بکەین " .



[وێنەی عەبدوڵا ئوجەلان  و عەلی قازی]

ئاپۆ قسەکانی منی پێ باش بوو هەر دوابەدوای ئەوەی دەگەڵ وەزیرێکی پێشووی ئاڵمان ( Heinrich Lumer)و چەندین سیاسەتمەداری ئاڵمانی و ڕۆژنامە نووسان چوومە لای ئاپۆو.

لە ژانویەی 1996لە گەڵ چەند کار بە دەستی دەوڵەتی ئاڵمان لە لای ئاپۆ بووم کە دەوڵەتی ئاڵمان ڕای گەیاند  چیتر پ کا کا وەک گرووپێکی ترۆریست ناناسرێ . هەر ئەو خەباتەی من لە گەڵ پ کا کا بوو بە هۆی ئەوە  هەموو گرتوەکانی  پ کاکا لە حەپس خانەکانی ئاڵمان ئازاد کران . ئەڵبەتە هەر یەک لەوانە بۆ خۆی داستانێکی دوور و درێژی هەیە. . من حەولم دا  پ کاکا و دەوڵەتی ئاڵمان چیدی دژایەتی یەکترنەکەن .

[وێنەی بەڕێز ئاپۆ ، گیزی لە حێزبی سەوزەکانی ئاڵمان و کاک عەلی قازی لە دەمشق]

ئەوڕۆ کە ئەمن تەمەنم گەیشتوەتە 78 ساڵ چاوەڕوانی ئەوە بووم کە نەتەوەی کورد زۆر زیاتر لەوەی ئاگای لە من بێ و پەرۆشم بخوا . ئەمن بە نسبەت خۆمەوە هەمیشە ویستوومە خزمەت بە گەلی کورد و ئامانجەکانی وی بکەم .

پرسیار

کاتی هاتنی بەڕێز ئۆجەلان بۆ ئیتالیا وەک بیسترا  ئێوە لە ڕۆم دیدارتان لە گەڵی هەبوو . پێم خۆشە ئەگەر ئارەزووتان هەبێ ئاماژەیەک بە نێوەرۆکی دیدارەکەتان بکەن .

**وەلام ؛** ئەمن دوو جار لە ڕۆم (ئیتالیا) لە گەڵ بەڕیز ئۆجەلان  دیدارم هەبوو. لە ڕێگای پێوەندیە ناو دەوڵەتیەکانی هەمبوو سکرتێری دالێما سەرۆک وەزیری ئەوکاتی ئیتالیام بردە لای ئاپۆ و پەیامی دالێما لەو کۆبوونەوەدا بە ئاپۆ ڕاگەیاندرا و ئەویش بریتی بوو لەوەی ، لەبەر ئەوە دەوڵەتی تورکیە لە ڕێ دۆستانی خۆی فشارێکی زۆری هێناوەتە سەر دالیما ،دالێما پێی باشە کە بەڕێز عەبدولا ئۆجەلان بچێتە ولاتێکی کە ئەوان ئامادەی دەکەن ، پاشان دەوڵەتی ئیتالیا کۆنفرانسێک دەبەستێ  بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد  .  بۆ ئەو کۆنفرانسە بانگهێشتنی عەبدولا ئۆجەلان دەکەن بەشداری تێدا بکات  .

ئەما پێش ئەوەی دالیما بتوانێ ولاتێک  بۆ ئاپۆ دابین بکا  ئاپۆ قەراریدا بچێتە ڕووسیە . تەنانەت پاش ڕۆیشتنی ئاپۆ بۆ ڕووسیە و ئاشکرا بوونی ئەوەی کە ئاپۆ ناتوانێ لە ڕووسیە بمێنێتەوە من حەول و تەقەلای خۆم بۆ دیتنەوەی ولاتێک کە ئاپۆ بتوانێ تێدا بژی هەر بەردەوام بووو . من و  کانی یەڵماز کە ئەوکات  نوێنەری پ کاکا لە ئوروپا بوو  لە گەڵ کەسایەتیەکی پایە بەرزی یەک لە ولاتەکانی گەورەی ڕۆژئاوا چاو پێکەوتنمان هەبوو   ئەو لە لایەن دەوڵەتەکەی  وەعدەی بە ئێمە دا  ولاتێک بۆ ئاپۆ دیاری بکەن .

شەوێک پێش ئەوەی ئاپۆ ڕووسیە بە جێ بهێڵێ سەعات دوازدەی شەو ئاپۆ تلفۆنی بۆ من کرد و کوتی چ بوو ئەو ولاتە ئامادە کرا یان نا ؟ منیش پێم کوت کە ئەو ولاتە دوو سێ ڕۆژی مووڵەت خواستوە بەلام ئاپۆ چاوەڕوانی هەولەکانی ئێمە نەما و دەزانین کە پاشان چ خیانەتێکی گەورە دەر حەقی وی بە جێ گەیشت.

پرسیار :

کاک عەلی ئەگەر دەکرێ بە کورتی ئیشارەتێک بە  دەوری خۆتان بۆ نێوبژیوانی و حەولی کۆتاییهێنان بە شەڕی نێوان پارتی و پ کا کا ساڵەکانی 1995و 1996 بکەن.

وەلام :

ساڵەکانی 19 95و 19 96کە شەڕی بەینی پ کا کا و پارتی دێمۆکراتی کوردستان قەوما ئەمن لە گەل شێخ عەبدولمەلێک نەوەی شێخ سەعیدی نەمر داوامان لە بەڕێز عەبدولا ئۆجەلان کرد کە شەڕ لە گەڵ پارتی دێمۆکراتی کوردستان ڕابوەستێنی و لە گەڵ کاک مەسعود بارزانی چاویان بە یەکتر بکەوێ ئەو گرییەی لە نێوانیان دا هەبوو بکرێتەوە .دیارە ئێمە پێوەندیمان بە کاک مەسعود بارزانیەوە گرت و بەڕێز کاک مەسعود رازی بوو بە نێوبژیوانی ئێمە لە نێوان خۆیان و پ کا کا .



[وێنەی بەڕێزان عەلی قازی ، گیزی لە حێزبی سەوزەکانی ئاڵمان و ئۆجەلان ]

وابوو پاش ئەوەی لە دەمشق چاومان بە بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەڵان کەوت چوینە هەولێر و لەوێش لە گەڵ بەڕێز کاک مەسعود بارزانی دانیشتنمان هەبوو و بەڕێز مەسعود بارزانی کوتیمن ئامادەم چاوم بە بەڕێز ئاپۆ بکەوێ بەڵام بە شەرتێک ئەو چاو پێکەوتنە لە کوردستان بێ .

من فەورەن فکرێک هاتە مێشکم و پێم وابوو کە شاری قامێشلو بۆ ئەو مەبەستە زۆر باشە . ئێمە پاش ئەوەی کە بەڕێز مەسعود بارزانیمان چاو پێ کەوت گەڕاینەوە بۆ لای بەڕێز عەبدولا ئۆجەلان و ئامادەبوونی بەڕێز مەسعود بارزانیمان بەوی ڕاگەیاند . ئاپۆ ڕازی بوو کە ئەو چاو پێکەوتنە ئەنجام بدرێ .



[وێنەی بەڕێز مەسعود بارزانی، کاک عەلی و کاک عەبدۆلمەلێک]

ئەوکات ئێمە لە ویلایێکی دەرەوەی دەمشق مێوانی ئاپۆ بوین. ئاپۆ لە گەڵ ئێمە لەو ویلایە دەژیا . ڕۆژێک کاتی نانی نێوەڕۆ من وکاک عەبدۆلمەلێک داوەتی سەر سفرەی نان خواردن کراین . لە

سەر سفرەی نان خواردن سێ کەس دانیشتبوون . من تەنێ یەکیانم دەناسی ، ئەو بەڕێز کاک عەبدۆلخالق زەنگەنە بوو . ناوبراو بۆ گەلی کورد ناسراوە.

ئاپۆ وتی ئەو سێ برادەرە- ش خوازیارن لە گفتوگۆی ئاشتیدا بەشداری بکەن . یەکیان سەرۆکی حێزبی شیوعی کوردستان بوو، ئەویتر ئەبوو داود نێوێک سەرۆکی حێزبی شیوعی عێراق بوو ئێمە وتمان پیرۆزە.

ئەبوو داود وتی پێوەندی من لە گەڵ دەولەتی سوریە زۆر باشە ، دەچم و دەوڵەتی سوریە رازی دەکەم ئەو چاوپێکەوتنە لە قامیشلو ئەنجام بدرێ. سەرۆکی حێزبی شیوعی کوردستان داوای لە بەڕێز ئۆجەلان کرد کە شەڕ دژی (ک د پ ) ڕاوەستێ و بەڕێز عەبدولا ئۆجەلان ئاگر بەس ڕا بگەیێنێ .

ئۆجەلان وتی من چۆن ئاگر بەس رابگەیێنم ! ئەو دەمی خەڵک دەڵێن ئاپۆ ترسنۆکە . ئەو برادەرە[ سەرۆکی ح - شیوعی کوردستان] ، پێ وت تۆ هەتا ئێستا چەندین جار شەرت بەرانبەر بە تورکیە راگرتوە ، جارێکیش ئاگربەس لە گەڵ کورد ڕابگەیێنە . ئاپۆ رازی بوو.

دوای ئەوە قەرار درا نووسراوێک بە ناوی ئێمە وەک هەیئەتی ئاشتی ڕابگەیێندرێ . وەک لە بیرم مابێ سەرۆکی حێزبی شیوعی کوردستان ئەرکی نووسینەکەی وە ئەستۆ گرت.

دوای یەک دوو ڕۆژ نووسراوەکەیان هێنا . کاتێک لێ ورد بووینەوە لە گەڵ ئەوە ئێمە دەسپێشخەری ئەو خەباتە [ ئاگربەس و ئاشتی] بوین نێومان لە ئاخری نووسراوەکەدا هاتبوو.

ئاپۆ جلوبەرگی خۆی گۆڕی و کوتی " دەچم دەگەڵ برادەرانی خۆم دادەنیشم و بۆ ڕۆژی 01 .09. 1996ئاگر بەس ڕادەگەیێنم" .

دوای ئەم قەرارە لە لایەن ئاپۆ ئێمە هەموو ڕۆژێک چاوەڕوانی بەرسیڤ بووین بەڵام هیچ خەبەرێک نەبوو! ڕۆژێکیان نامەیەک لە لایەن ئاپۆ بۆ ئێمە هات . نامەکە لە لای من پارێزراوە. لەو نامە دا هاتبوو ئێوە چیتر هیچ تێکۆشانێک بۆ نێو بژیوانی نێوان من و کاک مەسعود بارزانی مەکەن. زیاتر لەوە وەختی خۆتان سەرفی ئەو کارە مەکەن" . دیارە ئێمە ئەوەمان زۆر زۆر پێ ناخۆش بوو و نەمان دەزانی سەبەبکاری هەڵوێستی نوێ ئاپۆ چی بوە ؟

بڕیارمان دا ڕۆژی دواتر لە ڕێگەی لۆبنانەوە بگەڕێنەوە ئاڵمان . کاتێک بە پێ قەرار ماشێنێک هات ئێمە بۆ لۆبنان بەرێت ئاگادار کراین ئاپۆ بۆ خواردنی نیوەڕۆ چاوەڕوانی ئێمەیە.

دوای دیدار لە گەڵ ناوبراو پێمان وت مەبەستان لە نووسینی ئەو نامە بۆ ئێمە چ بوە ؟ وتی وەڵڵا ئەو نامە کە ئێوە ئامادەتان کردبوو ، زۆر لاینگری مەسعود بارزانی تێدابوو. پێمان ڕا گەیاند خۆ ئێمە [ عەلی قازی و عەبدولمەلێک] ئەو نامەمان نە نووسیبوو. ئەو نامە لە لایەن کەسانێکەوە نووسراوە جەنابت هێناوبوونت نێو خەباتی ئاشتی.

ئاپۆ وتی ئێستا پێم خۆشە ئێوە لە سەر مەسەلەی ئاشتی بەردەوامبن . کاک عەبدولمەلک کوتی دەبێ ئەوەمان بۆ بنووسی . عەبدولا ئۆجەلان بە یەکێک لە هاوەڵە کانی خۆی کوت ئەو نووسراوە ئامادە بکات . نووسراوەکە درا بە بەڕێز ئۆجەلان و ئیمزای کرد .

من بە ئاپۆم وت دایکم زۆر نەخۆشە و لە ئاڵمان لای دۆکتۆر خەریکی چارە سەرە . بۆ چاو پێکەوتنی کورت دەگەڕێمەوە ئاڵمان و دێمەوە و لە گەڵ ( خوالێ خۆشبوو) عەبدولمەلێک فورات خەباتی خۆمان بەردەوام دەکەین .

پاش گەڕانەوەی ئێمە بۆ ئاڵمان مێدیای وڵاتە داگیر کەرەکانی کوردستان دەستیان کرد بە نووسین سەبارەت بە خەباتی ئێمە . ڕۆژنامە تورکیەکان نووسیبوویان " ئەوانە چوون بۆ هەولێر بەلام بەڕێز مەسعود بارزانی حازرنەبوو چاوی پێیان بکەوێت و ئەوان بە دەستی بەتاڵ گەڕانەوە" ، و هەروەها زۆر شتیتری لەو بابەتە.

کاتێک گوێبیسی ئەو بابەتگەلە بووین و نووسراوەکانمان دیت بڕیارمان دا بچینە تلوزیۆنی (مد و چۆنیەتی وەزعەکە بە ئاگاداری خەڵکی کوردستان بگەیێنین . کاتێ بەڕێوە بەری بەرنامەکە( تلوزیۆنی مەد تیوی) لە ئێمەی پرسی ، بە مەسعود بارزانیتان کوت کە ئەو خائینە ؟ . ئێمە وتمان شتی وا چۆن دەبێ. ئێمە بۆ شەڕ نە چووین . ئێمە چووین بۆ ئاشتی.

بەڕێوە بەری وتووێژەکە وتی کاتێک ئێوە لە دەمشق لە گەڵ عەبدولا ئۆجەلان چاوپێکەوتننتان هەبوو من لەوێ بووم . "ئاپۆ کوتویەتی بەشەرتێک حازر دەبم لە گەڵ مەسعود بارزانی دانیشتن بکەم بلێ ئەمن خائینم " .ئەو بەرنامە لە مانگی سپتامبری 1986 بەڕیوە برا.

وەختاییک ئێمە ئەو وتانەمان گوێ لێ بوو بە خۆمان وت دیارە هێندێ کەس لە پشت ئەو کارەن و ناخوازن یەکیەتی نێوان کوردان چێ بێ .

جێا لەوە من زۆرم حەولداوە بەرەیەکی کوردستانی لە نێوان حێزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک بێنم . بۆ ئەو مەبەستە چەندین جار چاوپێکەوتنم لە گەڵ حێزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هێنا بە داخەوە لەو کارە دا سەرکەوتوو نەبووم.

پرسیار :

بەڕێز کاک عەلی قازی : ئێوە هیچکات لە گەڵ دەوڵەت یا نوێنەرێکی ڕاسپاردەی ئێسراییل پێوەندیتان هەبوە؟

وەڵام :

من هیچ پێوەندیەکم ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ لە گەڵ دەوڵەتی ئێسرایلی نەبوە. هەڵبەت جیا لە هەبوونی پێوەندی تلیفۆنی لە گەڵ چەند کوردێکی ئێسراییلی ناسراو نەبێ.

پرسیار :

وەک تەلوزیۆنی کوردستان [ پارتی دیمۆکراتی کوردستان] ساڵی ...2003 فیلمەکەی بە بینەران نیشاندا ، ئێوە وەک کوڕی پێشەوا قازی محمد دامەزرێنەری کۆماری کۆردستان ئاڵائ کوردستانتان لە هەولێر پێشکەش بە بەرێز نیچیروان بارزانی کوڕی شەهید ئیدریس بارزانی کرد .

بە گوێرەی ئەو گێڕدراوە مێژوویانە لێرەو لەوێ هاتون ، پێشەوای شەهید پێش دەس بە سەر کران ئاڵای خەباتی کورد بە بارزانی دەسپێرێ . ئایا ئەم ئالا پێشکەش کردنە لە لایەن بەرێزتانەوە بۆ جارێکی دی بە واتای ئەوە بوو مێژوو دووپات دەبێتەوە و کورد لە ڕۆژهەڵات عاجز لە پاراستنی ڕەوتی خەبات و شەکاوە ڕاگرتنی ئاڵای بزووتنەوەی مافخوازی کورد ناچار بە تەسلیم کردنەوەی سەر لە نوێ بە بنەماڵەی بارزانی دەبێتەوە. یا بە شێوازێکیتر کورد لە ڕۆژهەلات توانای درێژەدانی ڕێبازی پێشەوای لەدەست داوە ؟

وەڵام :

نیشاندانی ئەو ئاڵایە لە لایەن کاک نیچیروان بارزانی و من ئەوە بوو کە ئێمە ئەو ئاڵایە پێشەوا قازی محمد کاتی ماڵ ئاوایی لە مەلا مستەفا بارزانی بە ئەوی ئەسپاردبوو نیشانی میلەتی کورد بدەین بە ئاواتی ئەوە کە جارێکیتر ئەو ئاڵایە لە شاری مەهاباد پێتەختی یەکەم کۆماری کوردستان هەڵ کەینەوە.

ئەوە تەنیا مەبەستی من لەو کارە سەمبۆلیکە بوو ، نەک ئەوە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ناکارامە و لە مەیدان دا نەبن.

لە هەمان کاتدا من ئێستا وەک کەسێکی بڕوامەند بە خەبات بۆ ڕزگاری میلەتەکەم و هەل کردنەوەی ئاڵای کوردستان و ڕاگەیاندنی کۆمارێکی سەر بەخۆی کورد لە مەهاباد وەک سەرۆکی پارتی ئازادی کوردستان [پاک] درێژە بە خەبات دەدەم.

پرسیار :

بەرێزتان سەردەمێک لە کەنەکە[کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان] کە پ کا کا و یەکیەتی نیشتمانی تێدا دوو بەشداری سەرەکی بوون ئەندام بوون . هۆی واز هێنان تان لە ئەندامەتی کەنەکە چی بوو ؟ پێوەندی تان ئێستا لە گەڵ پ کا کا چۆنە؟

وەڵام :

نە زانیم چۆن بووم بە ئەندامی کەنەکە و نە چۆن لە ئەندامەتی کەوتم ! لە بابەت بەشی دووی پرسیارەکە دەبێ بڵێم  پێوەندیەکی ئاساییمان هەیە.

# سدێق بابایی ئـاڵـمان

**تێ بینی 1- بەگوێرەی وەڵامەکانی کاک عەلی بۆ ڕوون کردنەوەی زیاتری مەسەلە پێوەندیدارەکان زۆر جار پێویستی هێنانە گۆڕی پرسیاری نوێ دەهاتە گۆڕ بەڵام لە بەر زۆر بوونی دەقی وتووێژەکە و ئەوە کە خوێنەر تارادەیەک خراوەتە سەر ڕێچکەی بابەتەکان لە پرسیار کردنی زیاتر چاوپۆشی کراوە. سدێق بابایی**

تێبینی : -2 سماعیل ڕائین(راعین) هەر ئەو کەسەیە کۆمەڵێک کتێبی لە ژێر سەر دێڕی " فراموش خانە و فراماسونری در ایران " سەبارەت بە بزووتنەوەی فراماسونری نووسیوە.

ێبینی :-3 بەڕێز قازی لە گەڵ ئەوە گلە و گازەندەی خۆی بەرەو ڕووی حێزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە بوارە جیاوازەکان دەکاتەوە ، پێوایە ئەو حێزبە خاوەنی پشتیوانی جەماوەرێکی بەرچاو لە خەڵکی کوردستانە و دەتوانێ دەوری ئەرێنی لە داهاتووی کوردستاندا بگێڕێ .ناوبراو پێداگری دەکا ڕێز و حورمەتی بۆ خەبات و تێکۆشانی هەموو حێزبو ڕیکخروە نیشتمان پەروەرەکانی بە تایبەت ڕۆژهەڵات و سەراسەری کوردستان هەیە .

---

* استمداد قاسملو از امام براي جلوگير از برادركشي در كردستان

مهاباد ـ عبدالرحمن قاسملو دبير كل حزب دمكرات كردستان در تلگرامي كه به حضور امام خميني رهبر انقلاب و بنيانگذار جمهوري اسلامي ايران مخابره كرد از ايشان استمداد كرد براي جلوگيري از جنگ‌افروزان در كردستان دستورات متقضي صادر كنند.

**متن تلگرام به اين شرح است:**

حضرت امام خميني رهبر عاليقدر انقلاب ايران

يكبار ديگر حضرت امام را مخاطب قرار مي‌دهيم. اينك بدخواهان درصددند جنگ برادركشي ديگري به مردم كردستان تحميل نمايند. هم‌اكنون درگيري در اطراف اروميه ادامه دارد و ارتش و ژاندارمري و پاسداران با تانك و توپ و هلي‌كوپتر به روستاهاي كردنشين حمله مي‌كنند. در شهر اروميه بسيج و جهاد عمومي عليه خلق كرد اعلام شده است.

حضرت امام، اگر اين وضع چندي ديگر ادامه داشته باشد وضع خطرناكي پيش خواهد آمد و جنگ و برادركشي ديگري سراسر كردستان را فرا خواهد گرفت.

حضرت امام پيام بيست و ششم آبان‌ماه سال 1358 حضرت‌عالي ما را به حل مساله كردستان از طريق مذاكره اميدوار ساخت. ما بلافاصله به پيام حضرت‌عالي لبيك گفتيم و اعلان آتش بس داديم. ما از رهبر انقلاب مصراً مي‌خواهيم كه جلوي اين جنگ برادركشي را بگيرند.

حضرت امام ـ تا دير نشده به ارتش و ژاندارمري دستور بدهيد از جنگ افروزي بيش از اين در كردستان بپرهيزيد در غير اين‌صورت مردم كردستان با تمام قوا از آزادي و موجوديت خويش دفاع خواهند نمود. اكنون ديگر تصميم با بنيانگزار جمهوري اسلامي است. با درود فراوان-كميته مركزي حزب دمكرات كردستان ايران/دبير كل ـ عبدالرحمن قاسملو.[1359/1/6]

**«** فرمان امام به عنوان فرمانده کل قوا درباره حوادث پاوه 24 شهررمضان 99 27 مرداد 58**

ازاطراف ایران گروههای مختلف ارتش وپاسداران ومردم غیرتمند تقاضاکرده اند من دستوربدهم به سوی پاوه رفته، غائله را ختم کنند . من از انان تشکر می کنم وبدولت وارتش وژاندارمری اخطارمیکنم، اگرباتوپهاوتانکهاوقوای مسلح تا 24 ساعت دیگرحرکت بسوی پاوه نشود، من همه را مسئول میدانم.

من به عنوان ریاست کل قوا برئیس ستاد ارتش دستورمیدهم که فورا باتجهیزکامل عازم منطقه شوند وبه تمام پادگانهای ارتش وژاندامری دستورمیدهم که بی انتظار دستوردیگروبدون فوت وقت باتمام تجهیزات بسوی پاوه حرکت کنندوبدولت دستورمیدهم وسایل حرکت پاسداران را فورا فراهم کند .

تادستور ثانوی، من مسئول این کشتاوحشیانه راقوای انتظامی میدانم ودرصورتیکه تخلف ازاین دستورنمایند با انان عمل انقلابی میکنم . مکرر ازمنطقه اطلاع میدهند که دولت و ارتش کاری انجام نداده‌اند . من اگرتا 24 ساعت دیگرعمل مثبت انجام نگیرد، سران ارتش وژاندارمری را مسئول می دانم . والسلام روح اله الموسوی الخمینی 27 مرداد 58»*8. روزنامه های کیهان واطلاعات و...ص.ص 1و2 شنبه 27 مردادماه 1358شماره ویژه]

* * * دكتر قاسملو: ما راجع به گروه‌هاي كه در منطقه كردستان نقش سازنده‌اي ندارند تصميم نهايي را خواهيم گرفت و مدت‌ها پيش هم خلع سلاح اين گروه‌ها را به هيات نمايندگي خلق كرد پيشنهاد كرديم. ولي دوستان كومله به تنهايي دست به اين عمل زدند و البته در اين كار موفق نشدند .(كيهان 1359/1/6)

* * * * در ميتينك با شكوه دمكراتها محاكمه و مجازات بدخواهان، خواسته شد.

مهاباد ـ خبرگزاري اعزامي اطلاعات ـ شهر مهاباد پس از ماهها ديگري و تشنج، ديروز چهرة درگيري به خود گرفت. حوالي ظهر ديروز گروه گروه زن و مرد، خرد و كلان دانش اموز و دانشجو، كارگر و كشاورز، پيشه‌ور و بازاري در لباسهاي رنگارنگ به سوي ميدان آزادي شهر «ميدان قاضي محمد» سرازير شدند بطوريكه در ساعت 3 بعدازظهر اين ميدان و خيابانهاي مشرف به آن از جحمعيت موج مي‌زد.

اجتماع كنندگان كه عبارت از اهالي مهاباد و ديگر شهرها و مناطق كردنشين بودند به يكصد هزار نفر بالغ مي‌شدند. شركت كنندگان در اين مراسم كه بعلت تراكم جمعيت و فقدان جاي كافي به پشت بام‌ها و بالاي درختان پناه برده بودند عكس‌هايي از رهبران ملي و مذهبي ايران و كردستان را در دست داشتند.

آغاز مراسم

رأس ساعت 3 بعدازظهر با سرود رسمي كردستان مراسم آغاز گرديد و بعد از آن يك دقيقه به ياد و احترام شهدا سكوت اعلام شد.

آنگاه دكتر عبدالرحمن قاسملو دبير كل حزب دمكرات كردستان ايران در ميان ابراز احساسات بي سابقه مردم پشت ميكروفون قرار گرفت و سخنان مشروحي به زبان كردي ايراد كرد.

وي گفت: «خواهران و برادران عزيز اي ملت عزيز! مردم قهرمان و قهرمان پرور مهاباد! خود را خيلي خوشبخت ميدانم كه پس از چند ماه در اجتماع پر شور و در ميان شما هستم و در مورد كردستان با هم صحبت مي‌كنيم. دبير كل حزب دمكرات بعد از اداي احترام و سپاس به تمام و شهداي راه آزادي كردستان و ايران پيشمرگان بزرگ كرد و زحمت كشان مناطق كرد نشين گفت: «از كليه زنان و دانش‌آموزان و جوانان نيز تشكر مي‌كنم كه ما را در اين مبارزه بزرگ صميمانه ياري كردند. همچنين از كليه روشنفكران دنيا كه در تمام شرايط سخت با حرف و نوشته از مبارزه حق طلبانه ما حمايت كردند تشكر مي‌كنم».

«امروز ما اينجا جمع شده‌ايم تا يكبار ديگر به رهبر انقلاب اسلامي ايران سلام كرده و به ايشان بگوئيم كه پيام ايشان را شنيده و به آن لبيك گفته‌ايم و ما حاضريم تمام امكانات خود را به كار بنديم تا جنگ و برادر كشي در كردستان هر چه زودتر تمام شود. البته در اين راه به گفته امام خميني بدخواهاني وجود داشتند كه نمي خواستند اين اتحاد و همبستگي ايجاد شود و ما از ايشان مي‌خواهيم كه اين قبيل بدخواهان بشدت مجازات شوند هدف ما از مبارزه دمكراسي براي ايران و خودمختاري براي كردستان ايران بوده و هم اكنون نيز همين شعار ماست.

«از سوي ديگر هم اكنون براي رهبر انقلاب و خلق‌هاي ايران و دوستان ما روشن شده است كه ما نه تنها تجزيه طلب نيستيم بلكه با امپرياليسم و صهونيسم نيز همكاري نداشته‌ايم و بلكه جزو خلق‌هاي وفادار به ايران هستيم و بخاطر خودمختاري براي كردستان ايران و دمكراسي براي سراسر كشور ايران تفنگ بدست گرفته‌ايم. در اينجا سياست ضد امپرياليستي ملت ايران را عليه آمريكا كه نمي‌خواهد بزرگترين جنايتكار تاريخ محد رضا پهلوي را به ايران تحويل بدهد تاييد مي‌كنيم. و اميد ما اينست كه تمام مردم ايران در كنار هم مثل روزهاي قبل و بعد از انقلاب براي دفاع از آزادي و استقلال ايران بكوشند.

پيروزي عقل

قاسملو در قسمت ديگري از سخنان خود گفت عقل و كياست و فهم و شعور است كه در راه مبارزه ما پيروز شد است ما كه با عقل سليم آمده‌ايم آماده هستيم هم براي آتش بس و هم براي مذاكره و همچنين مي‌خواهيم مثل يك حزب مسوول سياسي و يك حزب كه اين مردم به آن اعتماد دارند و از كارهاي آن خاطر جمع‌اند با مقامات دولت به صحبت بنشينيم و اعتقاد داريم و مي‌خواهيم كه اين مذاكره در چهارچوب راستي و اعتماد به همديگر انجام گيرد و بد خواهان نيز در اين ميان از هر ناحيه و در هر مقامي كه باشند، با قدرت ملت سركوب شوند و من مي‌گويم كه بايد به اين قبيل افراد كه بخاطر منافع خود و امپرياليسم نمي‌خواهند صلح و صفا بوجود مي‌آيد مبارزه كرد و اجازه نداد كه يكبار ديگر ديكتاتوري در اين مملكت بوجود آمده و يا يك جنگ و

برادر کشي ديگر اتفاق افتد ما اگر با هم اتفاق نظر داشته باشيم آنوقت است که مي‌توانيم تمام آنچه را که بدست آورده‌ايم حفظ کنيم.

قرائت پيامها

پس از سخنان «دکتر قاسملو» شعري از «هيمن» شاعر کرد بوسيله «ملا عبدالله حسن زاده» قرائت شد و سپس پيام‌هاي سازمان زنان، سازمان جوانان حزب دمکرات کردستان ايران و پيام پيشمرگان و دانش‌آموزان حزب دمکرات و پيام‌هاي فرمانده پيشمرگان، و تشکيلات حزب دمکرات مهاباد خوانده شد. آنگاه قطعنامه‌اي که در 6 ماده تدوين گرديده بود توسط طآقاي عتيقي» خوانده شد.

در اين قطعنامه آمده است: ما مردم شهرستان مهاباد که بمنظور استقبال از پيام تاريخي روز 26 آبان امام خميني رهبر انقلاب اسلامي ايران در ميتينگ عظيم روز 29 آبان گرد هم آمده‌ايم نظرات و خواستهاي خود را به شرح زير اعلام و به محضر رهبر انقلاب تقديم مي‌داريم.

1-از پيام تاريخي امام داير بر ضرورت رفع ستم ملي و اقتصادي و فرهنگي و سياسي از ملت کرد، صميمانه استقبال مي‌نمائيم و آنرا گامي مؤثر در راه خاتمه دادن به درگيري‌هاي کردستان و احقاق حقوق حقه خلق کرد و پيشرفت انقلاب ايران تلقي مي‌کنيم.

2-يکبار ديگر پشتيباني بي دريغ خود را از موضع ضد امپرياليستي رهبر انقلاب و انعطاف ناپذيري ايشان در برابر امپرياليسم جنايتکار آمريکا اعلام مي‌داريم و در اين راه آمادگي کامل خود را براي هرگونه فداکاري به طلاع مردم ايران ميرسانيم.

3-صميمانه از رهبر انقلاب مي‌خواهيم با قبول خواست اصلي خلق کرد يعني خودمختاري در چهار چوب تماميت ارضي ايران يکبار ديگر علاقه خود را به رفع نابرابريهاي موجود در جامعه‌اي که ميراث رژيم فاسد گذشته است به جهانيان اعلام دارند.

4-يکبار ديگر آمادگي خود را در راه دفاع از دستاوردهاي انقلاب شکوهمند مردم ايران و حفظ و حراست مرزهاي کشور در برابر هر گونه تجاوز خارجي اعلام مي‌داريم.

5-قاطعانه از رهبر انقلاب اسلامي ايران مي‌خواهيم بدخواهان را که موجب بروز درگيري‌هاي کردستان و مشوب ساختن ذهن امام و جنگ و برادرکشي شده‌اند شديداً به مجازات برسانند و مسوولينى را که در ايجاد درگيريها دست داشته‌اند از مقامات حساس بر کنار کنند.

به منظور تسريع در خاتمه دادن به نابسامانيهاي کردستان و بازگشت صلح و آرامش به اين منطقه از رهبر انقلاب مي‌خواهيم دستور دهند هيات حسن نيت بدون تاخير به کردستان بازگردد و مذاکرات خود را با هيات نمايندگي خلق کرد از سر گيرد.اين مراسم با خواندن سرود جمعي به پايان رسيد و پس از آن که تاج گلي به گردن عبدالرحمن قاسملو انداخته شد، حاضران به رقص و پايکوبي پرداختند. دکتر قاسملو در ساعت 5 بعدازظهر ديروز با گروهي از خبرنگاران داخلي و خارجي مصاحبه‌اي در محل فرمانداري مهاباد ترتيب داد و به سئوالات متعدد خبرنگاران رسانه‌هاي گروهي پيرامون مسايل کردستان پاسخ داد. دکتر قاسملو در اين مصاحبه اعلام داشت که روز چهارشنبه (امروز)هيات حسن نيتي به منطقه براي مذاکرات مجدد به کردستان مي‌آيد و ما حاضريم بمحض آغاز مذاکرات خود با اين هيات، کليه گروگان‌هايي را که در زندانهاي ما

هستند آزاد کنیم. یادآور مي‌شویم که ما تاکنون با این عده به بهترین وجهي رفتار کرده و از آنان پذیرائي نموده‌ایم. و حتي در حالیکه خویش گوشت نیز داده‌ایم. دکتر قاسملو اضافه کرد: «احمد مفتي زاده که خود را رهبر کردها میدانست و در این چند ماه به نفع ملت کرد و نه به نفع سایر خلق‌هاي ستمدیدة ایران خدمتي انجام نداده است، خوشبختانه اطلاع یافتیم که براي همیشه به پاکستان خواهند رفت». دکتر قاسملو همچنین گفت: «بر اساس مذاکراتي که با هیات حسن نیت انجام داده‌ایم، قرار است کلیه پاسداران انقلاب اسلامي از مناطق کردنشین خارج گردند و بجاي آنها جانبازان کرد حفظ امنیت شهرها و سرحدات این منطقه را بر عهده بگیرند».(اطلاعات 1358/8/29)

وێنەکان و نامەکان



کاک عەلی لە گەڵ بەرپرسانی ئاڵمان



کاک عەلی قازی بە لیباسی ئەفسەری کۆمار

الأخوة الأعزاء،

حميد مجيد موسى - سكرتير اللجنة المركزية للحزب الشيوعي العراقي.
كريم احمد داود - سكرتير اللجنة المركزية للحزب الشيوعي الكردستاني.
عبد الخالق زنكنة - سكرتير الحركة الشعبية الكردستانية
عبد الملك فرات - حفيد الشيخ سعيد بيران.
علي قاضي - نجل قاضي محمد رئيس جمهورية كردستان

مع احترامي الشديد لشخصياتكم الموقرة، وبعد اطلاعي على محتوى رسالتكم، لا يسعني الانضمام إلى بعض الأخطاء الجدية التي وقعتم فيها. فبداية بينا لكم عبر نقاشاتنا، بأن الحزب الديمقراطي الكردستاني يتعاون منذ أمد بعيد مع العدو الرئيسي الأكبر للشعب الكردي، فضلاً عن شنه حروب خيانية قذرة ضدنا وضد المكتسبات القومية للشعب الكردي، بينما نمارس نحن حق الدفاع المشروع عن النفس، وما الحرب إلا نموذج للأضرار بالقضية المشروعة لشعبنا، لذا:

١- إن وقف القتال في أي من المحاور الناشطة، مرتبط بتحالفاتهم الحكومية.

٢- نحن على استعداد تام للانضمام إلى أية اجتماعات تحضرها الأحزاب والدول والشخصيات السياسية الصديقة لهذه الغاية.

٣- لقد عبرنا دائماً عن قناعتنا، بأن حل جميع المسائل المعلقة يمر عبر الحوار الأخوي على أسس ديمقراطية.

٤- المكانة التي يحتلها PKK والحركات الوطنية الكردية الأخرى في النضال التحرري الوطني الكردستاني مرهون باعتناق تلك الأطراف وبإرادتهم الحرة.

٥- كما تعلمون، نحن لم نوفر أي جهد - بل والكثير الجم - في سبيل تعزيز أواصر الأخوة بين الأطراف والفصائل الكردية المختلفة.

وباختصار، هذا هو ردنا على رسالتكم، وإذا كنتم لا ترون الأمل في الطرف المقابل، فرجاؤنا منكم أن لا تتعبوا أنفسكم وتتعبونا في الوقت نفسه.

أخوكم
عبد الله أوجلان - رئيس حزب
العمال الكردستاني (PKK)

١٩٩٧/٨/٢٨

SAYIN ABDULMELİK FIRAT VE GAZİ'YE

Kürdistan'da süren savaşı durdurma girişiminizi ve çabalarınızı saygıyla karşılıyorum.Bu temeldeki çalış malarınızı anlamlı ve olumlu buluyorum.

Biz Kürtler arasındaki bir savaştan yana değiliz, hiçbir zamanda böyle bir savaşı benimsemedik. Mücadelemizde Kürtlerin birliğini esas aldık. Kürtlerin ulusal birliğini yaratma çalışmalarımız engellemelere rağmen devam ediyor.

Eğer KDP - Türk ord usuyla beraber bizim güçlerimizin üzerine gelmizse savaşı durdurmaya ve yapılacak bir Ateşkes'e hazır olduğumuzu belirtir selamlarımı sunarım.

28.08.1997

ABDULLAH ÖCALAN



بو/ برایانم بەڕێز

عبدالملك فرات - علی قاضی - أبو داود - كریم أحمد - عبدالخالق زنگنە ،

پەیامی جەنابتان بەدەستم گەیشت . هەروەکی بەڕێزتان جێگای تەقدیرە

و سپاستان دەکەین PKK شەڕیان بەسەر ئێمەدا تەقاندووە و

خۆیان کردوە بەحاکم لە وڵاتی ئێمە و هەڵویستمان دیفاعی بووە

هەرکاتی وازیان لەم سیاسەتە چەوتەیان هێنا لە دەست تێوەردانی

کاروباری هەرێمی کوردستان و چەکدارەکانیان گەڕانەوە ساحەی خۆیان هیچ

موشکیلەیەك نامێنێ لە نێوان ئێمە و PKK

براتان

مسعود بارزانی

١٩٩٧/٨/٢٨

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان

www.peshmergekan.com

2012-06-14